| خشتەی 8.20: | دابەشبوونی ڕێژەیی مێینە هاوسەردار و ئەوانەی پێشتر هاوسەرگیریان کردووە لە تەمەنی (10-30) ساڵی ومنداڵیان بووە و چاودێری و بە دواداچوونی تەندروستیان وەرگرتووە لە ماوەی کۆتا سکپڕی بە پێی ژمارەی جارەکانی سەردانیکردنیان لە ماوەی کۆتا سکپڕی وە تێکرای سەردانیکردنیان و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 207 |
| خشتەی 8.21: | ڕێژەی مێینە هاوسەردار و ئەوانەی پێشتر هاوسەرگیریان کردووە لە تەمەنی (10-30) ساڵی ومنداڵیان بووە و چاودێری و بە دواداچوونی تەندروستیان وەرگرتووە لە ماوەی کۆتا سکپڕی بە پێی ئەو لایەنانەی کە سەردانیکردووە لە ماوەی سکپڕی و بەگوێرەی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 208 |
| خشتەی 8.22: | ڕێژەی مێینە هاوسەردار و ئەوانەی پێشتر هاوسەرگیریان کردووە لە تەمەنی (10-30) ساڵی ومنداڵیان بووە بە پێی ئەو شوێنانەی سەردانییان کردووە بۆ لەدایکبوونی منداڵەکانیان و بەگوێرەی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 209 |
| | بەشی نۆیەم: باری خۆراك بۆ تەمەنی (10-30) ساڵان | 210 |
| خشتەی 9.1: | دابەشبوونی ڕێژەیی وەڵامدەرانی تەمەن (10-30)ساڵی بە پێی ڕاوبۆچونیان دەربارەی کێشیان و بە گوێرەی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 211 |
| خشتەی 9.2: | دابەشبوونی ڕێژەیی وەڵامدەرانی تەمەن (10-30)ساڵی بە پێی ئارەزووی گۆڕینی کێشی ئێستایان و هەڵسان بە ئەنجامدانی هەر کارێك بۆ گەیشتن بەو کێشەی ئارەزووی دەکەن و بە گوێرەی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 212 |
| خشتەی 9.3: | دابەشبوونی ڕێژەیی وەڵامدەرانی تەمەن (10-30)ساڵی بە پێی کردنی هەر کارێك بۆ گەیشتن بەو کێشەی ئارەزووی دەکەن و بە گوێرەی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 213 |
| خشتەی 9.4: | دابەشبوونی ڕێژەیی وەڵامدەرانی تەمەن (10-30)ساڵی بە پێی خواردنی ڕۆژانەی ژەمە خۆراکی بەیانیان و بەگوێرەی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 214 |
| خشتەی 9.5: | دابەشبوونی ڕێژەیی وەڵامدەرانی تەمەن (10-30) ساڵی بە پێی ژمارەی جارەکانی خواردنی ژەمە خۆراکی خێرا لە هەفتەیەکدا و بەگوێرەی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 215 |
| | بەشی دەیەم: تەندروستی دەروونی و کۆمەڵایەتی و کاتە بەتاڵەکان بۆکەسانی تەمەن (15-30) ساڵان | 216 |
| خشتەی 10.1: | ڕێژەی وەڵامدەرانی تەمەن (15-30) ساڵی بە پێی ڕاو بۆچونیان دەربارەی ئەو بابەتانەی کە ئەولەویەتیان پێدەدەن لە ئێستادا و بە گوێرەی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 217 |
| خشتەی 10.2: | ڕێژەی کەسانی تەمەن (15-30) ساڵی بە پێی گرنگترین ئەو ئامانجانەی هەوڵی بەدیهێنانی دەدەن لە داهاتوویەکی نزیك و بە گوێرەی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 219 |
| خشتەی 10.3: | ڕێژەی وەڵامدەرانی تەمەن (15-30) ساڵی ئەوانەی کە دەتوانن بڵێن ژیانیان باشتر بووە یان هەروەکو خۆی ماوەتەوە یان خراپتر بووە بە شێوەیەکی گشتی و بە گوێرەی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 221 |
| خشتەی 10.4: | ڕێژەی وەڵامدەرانی تەمەن (15-30) ساڵی ئەوانەی کە دەتوانن بڵێن لە ئێستا بەدواوە بۆ ماوەی ساڵێك ژیانیان باشتر دەبێت یان هەروەکو خۆی دەمێنێتەوە یان خراپتر دەبێت بە شێوەیەکی گشتی و بە گوێرەی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 222 |
| خشتەی 10.5: | ڕێژەی وەڵامدەرانی تەمەن (15-30) ساڵی و بەپێی دیاریکردنیان بۆ ئەو بابەتانەی کە دەبنە هۆی دڵەڕاوکێیان | 223 |
| خشتەی 10.6: | ڕێژەی کەسانی تەمەن (15-30) ساڵی بە پێی ڕاوبۆچوونیان بۆ هۆکارەکانی خواردنەوەی کحول لەلایەن لاوانەوە و بە پێی' تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 224 |
| خشتەی 10.7: | ڕێژەی وەڵامدەرانی تەمەن (15-30) ساڵی بە پێی ڕاوبۆچوونیان بۆ هۆکارەکانی خواردنەوەی مادده هێورکەرەوەکان و هۆشبەرەکان لەلایەن لاوانەوە و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 226 |
| خشتەی 10.8: | ڕێژەی وەڵامدەرانی تەمەن (15-30) ساڵی بە پێی ناسینان بەلایەنی کەمەوە یەکێك لە هاوتەمەنیان کە خوویەکی دیاریکراویان هەیە | 228 |
| خشتەی 10.9: | ڕێژەی وەڵامدەرانی تەمەن (15-30) ساڵی ئەوانەی ئەزموونی یەکێك لەم کردارانەیان کردووە (جگەرە کێشان ,نێرگەلە,حشیشە...هتد) بە گوێرەی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 229 |
| خشتەی 10.10: | ڕێژەی وەڵامدەرانی تەمەن (15-30) ساڵی ئەوانەی جگەرە دەکێشن و ژمارەی جگەرەی کێشراوی ڕۆژانە بە گوێرەی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 230 |

پێکهاتەی خشتەکان


| | بابەتەکان | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| جدول 10 .11: | ڕێژەی وەڵامدەرانی تەمەن (15-30) ساڵی ئەوانەی ئەزموونی کێشانی یەکێك لە (جگەرە ,نێرگەلە,نێرگەلەی ئەلکترۆنی) هەبووە بە پێی ئەو تەمەنەی دەستیان پێکردووە و بە گوێرەی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 231 |
| خشتەی 10 .12: | ڕێژەی وەڵامدەرانی تەمەن (15-30) ساڵی ئەوانەی ئەزموونی جگەرە کێشانیان هەبووە و هەوڵی وازهێنانیان داوە بە پێی ئەو کەسەی کە ڕازیکردووە بۆ وازهێنان و بە گوێرەی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 232 |
| خشتەی 10 .13: | ڕێژەی وەڵامدەرانی تەمەن (15-30) ساڵی ئەوانەی توانا و بەهرەی تایبەتیان هەیە بە گوێرەی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 233 |
| خشتەی 10 .14: | ڕێژەی وەڵامدەرانی تەمەن (15-30) ساڵی ئەوانەی توانا و بەهرەی تایبەتیان هەیە وە پاڵپشتی و چاودێری دەکرێن بۆ پەرەپێدانی توانا و بەهرەکانیان بە پێی ئەو کەسانەی کە پاڵپشتیان دەکەن و بە گوێرەی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 234 |
| خشتەی 10 .15: | ڕێژەی وەڵامدەرانی تەمەن (15-30) ساڵی ئەوانەی توانا و بەهرەی تایبەتیان هەیە کە پاڵپشتی و چاودێری دەکرێن بۆ پەرەپێدانی توانا و بەهرەکانیان بە پێی جۆری پاڵپشتی و چاودێری پێشکەشکراو و بە گوێرەی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 235 |
| خشتەی 10 .16: | ڕێژەی وەڵامدەرانی تەمەن (15-30) ساڵی ئەوانەی ڕۆژانە کاتی بەتاڵیان هەیە بە گوێرەی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 236 |
| خشتەی 10 .17: | ڕێژەی وەڵامدەرانی تەمەن (15-30) ساڵی ئەوانەی ڕۆژانە کاتی بەتاڵیان هەیە و چۆنێتی بەسەربردنی کاتە بەتاڵەکانیان بە گوێرەی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 237 |
| خشتەی 10 .18: | ڕێژەی وەڵامدەرانی تەمەن (15-30) ساڵی ئەوانەی کە ئارەزووەکانیان ئەنجامدەدەن بە گوێرەی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 238 |
| خشتەی 10 .19: | دابەشبوونی ڕێژەیی وەڵامدەرانی تەمەن (30-15) ساڵی ئەوانەی کە خزمەتگوزاری و شوێنی پێویستیان بەردەستە بۆ ئەنجامدانی ئارەزووەکانیان و بە گوێرەی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 239 |
| خشتەی 10 .20: | دابەشبوونی ڕێژەیی وەڵامدەرانی تەمەن (15-30) ساڵی ئەوانەی کە ئارەزووەکانیان بە شێوەیەکی ڕازیکەرانە ئەنجام دەدەن و بە گوێرەی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 240 |
| خشتەی 10 .21: | ڕێژەی وەڵامدەرانی تەمەن (15-30) ساڵی ئەوانەی کە ئارەزووەکانیان ئەنجام نەداوە بە پێی هۆکاری ئەنجامنەدانی ئارەزووەکانیان وە بە گوێرەی تایبەتمەندیە سەرەکیەکان | 241 |
| | بەشی یازدەم: جۆری کۆمەڵایەتی و توندوتیژی و ڕۆڵی لاوان بۆ لە تەمەنی (15-30) ساڵان | 242 |
| خشتەی 11 .1: | دابەشبوونی ڕێژەیی وەڵامدەران لە تەمەنی (15-30) ساڵی بەگوێرەی هاوڕابوونیان بۆ چەند ووتەیەکی دیاریکراو و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 243 |
| خشتەی 11 .2: | ڕێژەی وەڵامدەران لە تەمەنی (15-30) ساڵی بەگوێرەی هاوڕابوونیان بۆ بەشداریکردنی کوڕان و کچان بەیەکەوە لە چەند چالاکییەک و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 255 |
| خشتەی 11 .3: | ڕێژەی وەڵامدەران لە تەمەنی (15-30) ساڵی بەپێی ڕازیبوونیان لە بەکارهێنانی توندوتیژی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگا و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 256 |
| خشتەی 11 .4: | ڕێژەی وەڵامدەران لە تەمەنی (15-30) ساڵی بەگوێرەی هاوڕابوونیان بۆ هۆیەکانی گەورەبوونی کێشەی توندوتیژی لەکۆمەڵگا و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 257 |
| خشتەی 11 .5: | ڕێژەی وەڵامدەران لە تەمەنی (15 - 30) ساڵی بەگوێرەی هاوڕابوونیان لەسەر ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی کەمبوونەوەی توندوتیژی لە کۆمەڵگا و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 258 |
| خشتەی 11 .6: | ڕێژەی وەڵامدەران لە تەمەنی (15 - 30) ساڵی بەگوێرەی هاوڕابوونیان بەو هۆکارانەی کە کێشەی توندوتیژی دژی ئافرەتان گەورەتر دەکات و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 259 |
| | بەشی دوازدەم: ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و هونەری بۆ لاوان لە تەمەنی (15-30) ساڵان | 260 |
| خشتەی 12 .1: أ | دابەشبوونی ڕێژەی وەڵامدەران لە تەمەنی (15-30) ساڵی بەگوێرەی دوو لە گرینگترین ناوەندەکانی ڕاگەیاندن کە بەردەوام متابعەیان دەکەن و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 261 |
| خشتەی 12 .1: ب | دابەشبوونی ڕێژەی وەڵامدەران لە تەمەنی (15-30) ساڵی بەگوێرەی گرینگترین ناوەندەکانی ڕاگەیاندن کە بەردەوام متابعەیان دەکەی و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 262 |
| خشتەی 12 .2: | ڕێژەی وەڵامدەران لە تەمەنی (15-30) ساڵی بەگوێرەی ئەو ناوەندانەی کە گرینگی دەدات بە ئارەزووەکانی لاوان و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 263 |
| خشتەی 12 .3: | دابەشبوونی ڕێژەی وەڵامدەران لە تەمەنی (15-30) ساڵی بەگوێرەی ڕادەی متمانە پێکردنیان بە ناوەندەکانی ڕاگەیاندن و تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 264 |
| خشتەی 12 .4: | دابەشبوونی ڕێژەی وەڵامدەران لەتەمەنی (15-30) ساڵی بەگوێرەی ڕادەی بەدواداچوون بۆ کاروباری نێودەوڵەتی و ناوخۆیی و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 267 |
| خشتەی 12 .5: | ڕێژەی وەڵامدەران لە تەمەنی (15-30) ساڵی کە سەیری تەلەفزیۆن دەکەن بەگوێرەی سەیر کردنیان بۆ چەند کەناڵێکی تەلەفزیۆنی دیاریکراو و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 268 |
| خشتەی 12 .6: | ڕێژەی وەڵامدەران لە تەمەنی (15-30) ساڵی کە سەیری تەلەفزیۆنی دەکەن و بەگوێرەی ئەو بەرنامە تەلەفزیۆنانەی کە زیاتر سەیریان دەکەن و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 269 |
| خشتەی 12 .7: | ڕێژەی وەڵامدەران لە تەمەنی (15-30) ساڵی ئەوانەی کە دەخوێننەوە و بەگوێرەی ئەو ئامرازانەی کە بۆ خوێندنەوە بەکاری دەهێنێت و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 270 |

پێکهاتەی خشتەکان


| | بابەتەکان | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| خشتەی 12.8: | ڕێژەی وەڵامدەران لە تەمەنی (15-30) ساڵی کە دەخوێننەوە بەگوێرەی ئەو بابەتانەی کە دەیانخوێننەوە و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 271 |
| خشتەی 12.9: | ڕێژەی وەڵامدەران لە تەمەنی (15-30) ساڵی کە ناچنە کتێبخانە گشتییەکان و بەگوێرەی هۆکارەکانی نەچوونیان و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 272 |
| خشتەی 12.10: | ڕێژەی وەڵامدەران لە تەمەنی (15-30) ساڵی کە ناخوێننەوە بەگوێرەی هۆکارەکانی نەخوێندنەوە و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 273 |
| خشتەی 12.11: | دابەشبوونی ڕێژەی وەڵامدەران لە تەمەنی (15-30) بەگوێرەی چونیان بۆ سینەما و شانۆگەری و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 274 |
| | بەشی سێزدەم: وەرزش و لاوان بۆ تەمەنی (10-30) ساڵان | 275 |
| خشتەی 13.1: | دابەشبوونی ڕێژەی وەڵامدەران لە تەمەنی (10-30) ساڵی کە دەچنە کۆڕبەندەکان و سەنتەرەکانی وەرزش و لاوان بەگوێرەی هەڵسەنگاندنیان بۆ خزمەتگوزاری ئەو سەنتەرانە و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 276 |
| خشتەی 13.2: | ڕێژەی وەڵامدەران لە تەمەنی (10-30) ساڵی کە ناچنە کۆڕبەند و سەنتەرەکانی وەرزش و لاوان بەپێی هۆکارەکانی نەچوون و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 277 |
| خشتەی 13.3: | ڕێژەی وەڵامدەران لە تەمەنی (10-30) ساڵی بەگوێرەی جۆری ئەو وەرزشەی ئەنجامی دەدەن و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 279 |
| خشتەی 13.4: | ڕێژەی وەڵامدەران لە تەمەنی (10-30) ساڵی کە وەرزش ئەنجام دەدەن بەگوێرەی ئەو شوێنەی کە وەرزشی لێ ئەنجام دەدەن و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 282 |
| خشتەی 13.5: | دابەشبوونی ڕێژەیی وەڵامدەران لە تەمەنی (10-30) ساڵی کە وەرزش ئەنجام دەدەن بەگوێرەی ژمارەی کاتژمێرەکانی وەرزشکردن لە هەفتەیەکدا و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 284 |
| خشتەی 13.6: | ڕێژەی وەڵامدەران لە تەمەنی(10-30) ساڵی کە چالاکی جیاواز ئەنجام دەدەن بەپێی جۆری چالاکییەکە و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 285 |
| | بەشی چواردەم: تەکنەلۆجیا و زانیاری و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ تەمەنی (10-30) ساڵان | 286 |
| خشتەی 14.1: | ڕێژەی وەڵامدەران لە تەمەنی (10-30) ساڵی بەپێی خاوەندارێتیان بۆ ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان و بەپێی تایبەتمەندییەکان سەرەکییەکان | 287 |
| خشتەی 14.2: | دابەشبوونی ڕێژەیی وەڵامدەران لە تەمەنی (10-30) ساڵی بەپێی ئاستی زانیاری لە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 288 |
| خشتەی 14.3: | ڕێژەی وەڵامدەران لە تەمەنی (10-30) ساڵی کە ئەنتەرنێت بەکاردەهێنن بەگوێرەی بوارەکانی بەکارهێنانی و بەپێی تایبەتمەندییەکان سەرەکییەکان | 289 |
| خشتەی 14.4: | دابەشبوونی ڕێژەیی وەڵامدەران لە تەمەنی (10-30) ساڵی کە ئەنتەرنێت بەکاردەهێنن و بەگوێرەی ژمارەی کاتژمێرەکانی بەکارهێنانی ئەنتەرنێت لە ڕۆژێکدا و بەپێی تایبەتمەندییەکان سەرەکییەکان | 291 |
| خشتەی 14.5: | ڕێژەی وەڵامدەران لە تەمەنی (10-30) ساڵی کە بەشداری هەر کۆڕبەندێکی گفتوگۆکردن دەکەن لە ڕێگەی ئەنتەرنێت و بەپێی تایبەتمەندییەکان سەرەکییەکان | 292 |
| خشتەی 14.6: | دابەشبوونی ڕێژەیی وەڵامدەران لە تەمەنی (10-30) ساڵی کە یاری ئەلیکترۆنی ئەنجام دەدەن بەگوێرەی کاتژمێرەکانی یاریکردن لە ڕۆژێکدا و بەپێی تایبەتمەندییەکان سەرەکییەکان | 293 |
| خشتەی 14.7: | ڕێژەی وەڵامدەران لە تەمەنی (10-30) ساڵی کە یاری ئەلیکترۆنی ئەنجام دەدەن و بەپێی جۆری ئەو یاریانەی کە ئەنجامی دەدەن و بەپێی تایبەتمەندییەکان سەرەکییەکان | 294 |
| | بەشی پازدەم: کەمئەندامی لە تەمەنی (10-30) ساڵان | 295 |
| خشتەی 15.1: | ڕێژەی وەڵامدەران لە تەمەنی (10-30) ساڵی بەگوێرەی بۆچوونیان لەسەر گرینگترین ئەو ئاستەنگیانەی کە دووچاری کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەبێتەوە و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 296 |
| خشتەی 15.2: | ڕێژەی وەڵامدەران کە خاوەن پێداویستی تایبەتن یان ئاستەنگی لەشیان هەیە لەتەمەنی (10 - 30) ساڵی بەگوێرەی جۆر و ئاستی ئاستەنگی و بەپێی تایبەتمەندییەکانیە سەرەکییەکان | 297 |
| خشتەی 15.3: | ڕێژەی وەڵامدەران کە خاوەن پێداویستی تایبەتن یان ئاستەنگی لەشیان هەیە لە تەمەنی (10 - 30) ساڵی بەگوێرەی بیروڕایان و هەستکردنیان لەسەر دابینکردنی مافەکان و پێداویستی و داواکارییە سەرەکییەکانی ژیانی کەسانی کەمئەندام بەپێی تایبەتمەندییەکانیە سەرەکییەکان | 300 |
| خشتەی 15.4: | ڕێژەی وەڵامدەران کە خاوەن پێداویستی تایبەتن یان ئاستەنگی لەشیان هەیە لە تەمەنی (10 - 30) ساڵی بەپێی دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری بۆ ئەو کەسانە وەک (یانەکان، پێداویستییەکان ، ئاسانکارییەکان) و بەپێی تایبەتمەندییەکانیە سەرەکییەکان | 302 |
| خشتەی 15.5: | ڕێژەی وەڵامدەران کە خاوەن پێداویستی تایبەتن یان ئاستەنگی لەشیان هەیە لە تەمەنی (10 - 30) ساڵی بەپێی جۆری ئاسانکارییە پێویستەکان بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و بەپێی تایبەتمەندییەکانیە سەرەکییەکان | 303 |
| خشتەی 15.6: | ڕێژەی وەڵامدەران کە خاوەن پێداویستی تایبەتن یان ئاستەنگی لەشیان هەیە لە تەمەنی (10 - 30) ساڵی بەگوێرەی بەردەست بوونی ئامێری یامەتیدەر بۆ ئەو کەسانە و بەپێ تایبەتمەندییەکانیە سەرەکییەکان | 305 |

پێکهاتەی خشتەکان


| | بابەتەکان | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| | بەشی شازدەم :بەشداریکردن بۆ تەمەنی (15-30) ساڵان | 307 |
| خشتەی 16 .1: | ڕێژەی وەڵامدەران لە تەمەنی (15-30) ساڵی بەگوێرەی بەشداریکردنیان لە چالاکی کۆمەڵگایی و جۆری ئەو چالاکییەی کە بەشداری دەکەن و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 308 |
| خشتەی 16 .2: | ڕێژەی وەڵامدەران لە تەمەنی (15-30) ساڵی بەگوێرەی بەشداریکردنیان لە کاری خۆبەخشی و جۆری ئەو چالاکیەی کە بەشداری تێدا دەکەن و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 309 |
| خشتەی 16 .3: | ڕێژەی وەڵامدەران لە تەمەنی (15-30) ساڵی کە بەشداری چالاکی کۆمەڵگایی و کاری خۆبەخشی دەکەن و تێکرای ژمارەی ڕۆژەکانی بەشداریکردن و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 310 |
| خشتەی 16 .4: | ڕێژەی وەڵامدەران لە تەمەنی (15-30) ساڵی بەپێی ئەندامبوونیان لە کۆربەند و سەنتەرەکانی لاوان و بەپێی رایان لە ڕۆڵیان و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 311 |
| خشتەی 16 .5: | دابەشبوونی ڕێژەیی وەڵامدەران لە تەمەنی (18-30) ساڵی بەپێی هاوڕابوونیان لەگەڵ چەند ووتەیەکی دیاریکراو و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 312 |
| خشتەی 16 .6: | ڕێژەی وەڵامدەران لە تەمەنی (18-30) ساڵی بەپێی ئەو ئاستەنگیانەی کە وادەکات لاوان بەشدار نەبن لە چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 316 |
| خشتەی 16 .7: | دابەشبوونی ڕێژەیی وەڵامدەران لە تەمەنی (18-30) ساڵی بەپێی رادەی بەشداریکردنی کوڕان و کچانی لاو لە بڕیاردان لە کاروباری خێزان و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 317 |
| | بەشی حەڤدەم: لاوان و ئاسایش بۆ تەمەنی (18-30) ساڵان | 318 |
| خشتەی 17 .1: | ڕێژەی وەڵامدەران لە تەمەنی (18-30) ساڵی بەگوێرەی ڕاوبۆچونیان لەسەر ئەو هۆکارانەی کە کار دەکەنە سەر سەقامگیری ئارامی و ئاسایشیووڵات و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 319 |
| خشتەی 17 .2: | ڕێژەی وەڵامدەران لە تەمەنی (18-30) ساڵی بەگوێرەی دیاریکردنی ڕۆڵی لاوان لە باشترکردنی ئارامی و ئاسایش و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 320 |
| خشتەی 17 .3: | ڕێژەی وەڵامدەران لە تەمەنی (18-30) ساڵی بەپێی دیاریکردنیان لە گرینگترین ئەو سەرچاوانەی کە دەبنە هەڕەشە بۆ ئارامی و ئاسایشیان و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 321 |
| خشتەی 17 .4: | ڕێژەی وەڵامدەران لە تەمەنی (18-30) ساڵی بەگوێرەی بەشداریکردنیان لە هێزی چەکداری لە دوای ڕووداوەکانی ساڵی 2014 و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 322 |
| خشتەی 17 .5: | ڕێژەی وەڵامدەران لە تەمەنی (18-30) ساڵی بەگوێرەی ئەو دەسەڵات و لایەنانەی کە پەنایان بۆ دەبەن لەکاتی بوونی کێشە و ناکۆکی و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 323 |
| خشتەی 17 .6: | دابەشبوونی ڕێژەیی لە تەمەنی (18-30) ساڵی بەگوێرەی هەستکردنیان بە ئارامی لەکاتی ئەنجامدانی کارەکانی ڕۆژانە وەک (چوونە سەر کار، قوتابخانە، سەردانی هاوڕێیانت،...هتد) و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 324 |
| | بەشی هەژدەم: مافی شارستانی و هاوڵاتیبوون بۆ تەمەنی (18-30) ساڵان | 325 |
| خشتەی 18 .1: | ڕێژەی وەڵامدەران لە تەمەنی (18-30) ساڵی کە بەشداری هەڵبژاردنی گشتی نیشتیمانییان کردووە بەگوێرەی هۆکارەکانی بەشداریکردن و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 326 |
| خشتەی 18 .2: | ڕێژەی وەڵامدەران لە تەمەنی (18-30) ساڵی کە بەشداری هەڵبژاردنی گشتی نیشتیمانییان کردووە و لەسەر بنەمای دەنگدان و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 327 |
| خشتەی 18 .3: | دابەشبوونی ڕێژەیی وەڵامدەران لە تەمەنی (18-30) ساڵی بەگوێرەی ڕایان لە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی داهاتوو و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 328 |
| خشتەی 18 .4: | ڕێژەی وەڵامدەران لە تەمەنی (18-30) ساڵی بەگوێرەی هۆکارەکانی بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنی داهاتوودا و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 329 |
| خشتەی 18 .5: | ڕێژەی وەڵامدەران و ڕێژەی سەدی ئەوانەی تەمەنیان (18-30) ساڵیە و بەگوێرەی چەمکی هاوڵاتیبوون لایان و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 331 |
| خشتەی 18 .6: | دابەشبوونی ڕێژەیی وەڵامدەران لە تەمەنی (18-30) ساڵی بەگوێرەی دووچاربوونیان بە (هەراسانکردن ، هەڕەشەکردن ، ڕاگواستن ، دەستدرێژی ، جیاکاری) و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 332 |
| خشتەی 18 .7: | دابەشبوونی ڕێژەیی وەڵامدەران لە تەمەنی (18-30) ساڵی بەگوێرەی ئەوەی تا چەند هاوڕان لەگەڵ چەند ووتەیەکی دیاریکراو و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 334 |
| خشتەی 18 .8: | دابەشبوونی ڕێژەیی وەڵامدەران لە تەمەنی (18-30) ساڵی کە لە بارودۆخی سەخت نیشتەجێن (کەمە نەتەوەییە ئاینییەکان، ئاوارەکان، خانووی هەرەمەکی) بەگوێرەی دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییەکان و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 337 |
| خشتەی 18 .9: | ڕێژەی وەڵامدەران لە تەمەنی (18-30) ساڵی کە ئارەزووی کۆچکردن دەکەن و ئەو ووڵاتەی کە دەیانەوێ کۆچی بۆ بکەن و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 342 |
| خشتەی 18 .10: | ڕێژەی وەڵامدەران لەتەمەنی (18-30) ساڵی کە ئارەزووی کۆچکردن دەکەن بەگوێرەی تێکرای ئەو ماوەیەی کە دەیانەوێ بمێننەوە لە دەرەوەی عیراق و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 344 |
| خشتەی 18 .11: | ڕێژەی وەڵامدەران لە تەمەنی (18-30) ساڵی کە ئارەزووی کۆچکردن دەکەن و بەپێی هۆکارەکانی کۆچکردن و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان | 345 |

# 1. رووپێوی نیشتمانی هەرزەکاران و لاوان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2019

## میتۆدولۆجی و چەمکەکان

### 1.1 پێشەکی

گەنجان و لاوان داهاتووی هەرێمی کورستانن، کە پەرەپێدان و گرینگی پێدانیان دەبێتە وەبەرهێنانێکی باشتر لە داهاتوودا. لاوان لە ئێستادا و لە چەند ساڵێکی کەمی داهاتووشدا گەورەترین گروپی دانیشتوان پێکدەهێنن لە نێوان هاونیشتمانیانی وولات، بۆیە بارودۆخی لاوان داهاتووی هەرێم دیاری دەکەن. لەوانەیە نەبوونی پەرەپێدان بە لاوان ببێتە هۆی لەدەستدانی هەلی گەشەپێدان و گەشەسەندن بەجۆرێک کە ئەو هەلە دووبارە نەبێتەوە و گەنجان و لاوانی ئێستا باوکی داهاتوون، لەوانەیە بەردەوامی کەموکورتی لە گەشەپێدان لەگەڵیان کاریگەری نەرێنی هەبێت لەسەر بەرهەمی جێبەجێکردنی گەشەپێدان لە وولات و توانای دەستەبەرکردنی داخوازییەکانیان لە جێبەجێکردنی ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام لە ساڵی **2030**.

لاوان لەرووی رەوشت و بیرکردنەوە و گەشەکردنیان کاریگەریان لەسەر دەبێت لەلایەن کەسانی دەوروپشتیان و رێکخراوەکانی وەک (قوتابخانە، زانکۆ، کۆمەڵگای مەدەنی، سەرچاوەکانی راگەیاندن،...هتد) کەمامەڵەی لەگەڵ دەکەن و کۆمەڵگای ناوەخۆیی و سیاسەتی گشتی، کە بەشدار دەبن لە باشترکردنی رەفتاری لاوان لەرێی هاندانیان و پاداشتکردنیان، بۆیە پاڵپشتیکردن و دروستکردنی ژینگەی گونجاو بۆ لاوان هۆکاری پیشاندانی رێگای گەیشتنە بە ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام. لە بەرامبەردا رێگای هەڵسوکەوتکردنی لاوان لەگەڵ تەمەنی لاوێتیان داهاتوویان و داهاتووی کۆمەڵگاکەیان دیاری دەکەن، و لە هەرزەکارییەوە بۆ قۆناغی پێگەیشتن بریاردەری یەکلاییکەرەوەن لە پێکهێنانی داهاتوویان لە رێگای فێرکردن و کارکردن و هاوسەرگیریکردنیان لە ژینگەیەکدا کە ئاڵۆزی و ئاستەنگییەکان لە زیادبووندایە.

## 2.1 پێناسەی چەمکی هەرزەکاران و لاوان

هەرزەکار قۆناغێکی تەمەنە پێش قۆناغی لاوێتی دەست پێدەکات لەو تەمەنە کوڕان و کچان بەرەو قۆناغی بالقبوونی فسیۆلۆجی دەچن (12 ساڵ بۆ کچان و 13 ساڵ بۆ کوڕان)، لەرووی نیشتمانییەوە تەمەنی (10-14) ساڵی بە قۆناغی هەرزەکاری دادەنرێت، نەتەوەیەکگرتووەکانیش تەمەنی (10-19) ساڵی بە تەمەنی هەرزەکاری دیاریکردووە.

لاوان زۆر چەمکی جیاواز لەخۆ دەگرێ و چەمکی بایۆلۆژی بۆ لاوان ئاماژەکردنە بە گۆرانکاری بایۆلۆژی لە ماوەی ئەو قۆناغەی دەست پێدەکات لەگەڵ سەرەتای هەرزەکاریەوە کە تێیدا منداڵ بەشێوەی کەسێکی پێگەیشتوو بە دیاردەکەوێ، ئینجا کوڕ بێت یان کچ، و کاتێک ئەم قۆناغە تەواودەبێت کە پێکهاتەی بایۆلۆژی بۆ مرۆڤ کۆتایی پێدێت و شێوەی و سروشتی کەسێکی پێگەیشتوو وەردەگرێ، بەمشێوەیە لاوان ئەو کەسانە لەخۆ دەگرێتەوە کە لە تەمەنی (14-25) ساڵین.

نەتەوە یەکگرتووەکان بەمشێوەیە پێناسەی لاوان دەکات، ئەوانەی کە تەمەنیان لە نێوان (15-24) ساڵین. بەڵام جیاکردنەوەی لاوان لەوانی تر تەنها لەرێی تەمەنەوە کارێکی گرانە، چونکە ئەم توێژە زۆر فراوانە و هەمەچەشنن و جیاوازن لە پێویستییەکان و ئاواتەکانیان، کە ئاراستەکان و تواناکان و رۆشنبیری و بیروڕا دەگرێتەوە. بۆیە پێناسەی سۆسیۆلۆجی لاوان  دیاریکردنی تەمەن دەبەستێتەوە بە رۆڵی کۆمەڵایەتی لاوان و تایبەتمەندییەکانی ئەو کەسەی کە پێیدا تێدەپەرێ کە یاخیبوون و داواکردنی دانپێنانی لەلایەن کۆمەڵگاوە.

لە یاسای عیراقی و هەرێمی کوردستان تەمەنی هەژدە ساڵی دیاریکرا وەک خاڵی جیاکەرەوە لە نێوان قۆناغی منداڵی و پێگەیشتن. بۆیە توێژی لاوان بە یاسا پێناسە ناکرێ بەڵکو تێکەڵ دەکرێ لەگەڵ هەردوو گرووپەکە: ناکامەکان و پێگەیشتووان، لە رووی ئامارییەوە لە عیراق و هەرێمی کوردستاندا دەتوانین بڵێین هیچ تەمەنێکی دیاریکراو نیە بۆ توێژی لاوان، لە رووپێوی زانیاری و هەڵوێستی لاوان لە ساڵی 2004 توێژی لاوان لە تەمەنی (10-24) ساڵی دیاریکردووە. بەڵام لە رووپێوەکانی بێکاری و کارپێکردن توێژی (15-24) ساڵان دیاریکراوە. لە راپۆرتی پەرەپێدانی مرۆیی نیشتمانی لە ساڵی 2014 پێناسەی توێژی لاوان دەکات بە (15-29) ساڵ. لەگەڵ تەکنەلۆژیای زانیاری نوێ دەتوانین کار بکەین لەگەڵ هەریەک لەم پێناسانەدا،  فراوانکردن بۆ لەخۆگرتنەوەی تەمەنەکان بەپێی پێویستی رووپێوەکان دەبێ.

بۆیە مانای هەرزەکاران و لاوان نابێ کورت بکرێتەوە لە دیاریکردنی تەمەندا چونکە گەشەکردنی مرۆڤ لە رووی جەستەیی و سێکسی و هزری و کۆمەڵایەتی وەکو یەک نیە بۆ هەموو تاکێک چونکە هەریەکەیان سروشتی

**تایبەتی خۆی هەیە هەروەها لەگەڵ کاریگەرییەکانی ژینگە و بۆماوەیی کە کاریگەریان هەیە لەسەر تاکەکان بە شێوەی جیاواز، لەلایەکی ترەوە توێژی هەرزەکاران و لاوان لێک جیانەکراوەتەوە، لە قۆناغەکانی پێشوو و داهاتوودا، لەگەڵ ئەوەی هەر توێژێک تایبەتمەندی تایبەت بەخۆی هەیە.**

## 3.1 پاشکۆی پرۆژە:

**لاوان کۆڵەگە و دوارۆژ و هیوای نەتەوەن و پشتیان پێ دەبەسترێت بۆ بەدیهێنانی ئامانج و هیواکانی لە ئێستا و داهاتوودا، هەرێمی کوردستان بە هەرێمێکی پێشەنگ دادەنرێت لەلایەنی پێکهاتەی تەمەنیەوە. ئەو توێژەی بەشدارە لە پرۆژەی ڕووپێوەکە بریتییە لە (10-30) ساڵان، ڕێژەیەکی زۆر لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان پێکدێنێت کە دەگاتە 39.5% بەپێی خەملاندنی دانیشتوان بۆ ساڵی 2018. بەم پێیە پێویستە لەسەر بڕیاردەران و بەرپرسان کارا بن لە گشت بوارەکاندا لە پێناو گرینگیدان و بەدیهێنانی ویست و خواست و هیوا و پێداویستییەکانی ئەم توێژە.**

**بە لەبەرچاوگرتنی ئەو گۆڕانکارییە خێراییانەی کە بەسەر هەرێمی کوردستاندا هات پاش ساڵی 2014 کە ڕووداوی گەورە ڕوویدا بەهۆی هێرشی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش کە بووە هۆی گۆڕانی دیمۆگرافی و کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر کۆمەڵگا و بڵاوبوونەوەی چەند دیاردەیەک کە شوێنەواری ترسناکی هەبووە لەسەر لاوان، بۆیە پێویست بوو لێکۆڵینەوەک بکرێ بۆ زانینی ئەو لایەنە و چەندین لایەنی تر کە پەیوەندی بە چۆنیەتی بیرکردنەوەی لاوان و هەڵوێستیان هەیە.**

**بەمەبەستی کارکردن لەسەر ئەو توێژە گرینگ و فراوانە لە کۆمەڵگای هەرێمی کوردستان پێویستی بە زانیاری و داتای نوێ هەیە کە پشتی پێ ببەستێ بۆ بنیادنانی دیدگای نیشتمانی لاوان 2030 بەتایبەت دوای ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەی کە بەسەر ئەو کۆمەڵگایەدا هات بەشێوەی گشتی و توێژی لاوان بە تایبەتی لەدوایی ساڵی 2003، بۆ زانیاری هیچ ڕووپێویک بۆ ئەم توێژە ئەنجام نەدرایە تەنها ئەوەی ساڵی 2004 کە ڕووپێوێک بوو دەربارەی زانیاری و هەڵوێست و کردارەکان لە ساڵی 2004 (KAP2) لە ڕووپێوەکەشدا توێژی (10-24) ساڵی بەئامانج گرتبوو، هەروەها ڕووپێوی نیشتمانی بۆ هەرزەکاران و لاوان (NYS) لە ساڵی 2009 کە ئەویش توێژی (10-30) ساڵی بەئامانج گرت. پێویست بوو لێکۆڵینەوە بکرێ لە چەندین بوار و لایەنی تر کە پەیوەندی بە چۆنیەتی بیرکردنەوە و کاری ڕۆژانە و هەڵوێستیان هەبێ، گرینگترین لایەنەکانیش ئەمانەن:**

## • لایەنی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان

**- بڵاوبوونەوە و هەمەجۆری و بەکارهێنانی هۆکارەکانی پەیوەندی پێزانینی نوێی وەک ئەنتەرنێت و کەناڵە ئاسمانییەکان کە پێشتر وەک ئێستا بەمشێوەیە نەڕەخسابوو بۆ لاوانی هەرێمی کوردستان هەروەها زۆربوونی ژمارەی ڕۆژنامە و گۆڤار کە خاوەن بیروبۆچوونی جیاواز و جۆراوجۆرن لە ماوەی ئەنجامدانی رووپێوەکە سەریانهەڵداوە.**

**- لە ئەنجامی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی تەکنەلۆژیای نوێ وەک مۆبایل و ئەنتەرنێت و کۆمپیوتەر و...هتد بەتایبەتی ئەگەر دوور لە ڕێنمایی پەروەردەیی یان کۆمەڵایەتی یان دوور لە چاودێری خێزانی بەکاربهێنرێت.**

## • لایەنی سیاسی

**- سەرهەڵدانی پارت و ڕەوتی سیاسی جۆراوجۆر لە هەرێمی کوردستان کە خاوەن بۆچوون و بیرۆکەی جۆراوجۆرن بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر بیروبۆچوونەکانی لاوان لە بەشداریکردنی سیاسی وەک هەڵبژاردن و ڕاپرسییەکان سەبارەت بەو دۆسیانەی چارەنووسی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەیەکی درێژ دیاری دەکەن.**

**- بیروڕای لاوان دەربارەی دیاردەی توندوتیژی و کارە چەکدارییەکان کە ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیانی عیراقی گرتۆتەوە و لە ئەنجامیدا زۆر دیاردە و بیری نوێ هاتۆتە ناو کۆمەڵگەی عیراقی بە هەرێمی کوردستانیشەوە بەشێوەی گشتی و لاوان بەتایبەتی.**

**- گۆڕانی دەسەڵاتی سیاسی لە عیراق لە دیکتاتۆریەت و تاکەکەسی بۆ سیستەمی فیدڕالیەت و پەرلەمان و جیاکردنەوەی سێ دەسەڵاتەکە، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی ڕەوشێکی نوێی لە هەرێمی کوردستان بەتایبەت و عیراق بە گشتی کە لەم ڕێگەیەوە توانای بە لاوانەوە بەخشی بیروبۆچوونەکانیان دەربڕن و دووبارە متمانە بەخۆبوون و بەشداریکردنی کارا لە دانانی پلانەکانی داهاتوو لە ڕێگەی دامودەزگا دەستوورییە ڕاستەقینەییەکان بکەن.**

• **لایەنی کۆمەڵایەتی**

- زۆربوونی ژمارەی بێوەژن و بێ باوانەکان لە ئەنجامی کاری تیرۆرستی کە هەرێمی کوردستان و عیراق بەخۆیەوە بینی و بە شێوەیەکی گشتی زۆر بوونی ژمارەیان کاریگەری زۆری هەیە لەسەر کۆمەڵگا.
- زۆربوونی ژمارەی پەنابەران و ئاوارەکان بۆ ناوەوەی هەرێمی کوردستان ئەمەش بووەتە هۆی دروستبوونی بارگرانیەکی گەورە لە هەرێمی کوردستان.
- زۆربوونی ژمارەی بێکاران بە تایبەت لەناو لاوان.

• **لایەنی تەندروستی**

- زۆربوونی ژمارەی لاوانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان لە ئەنجامی شەڕەکان، بەمشێوەیە پێویستیەکی زۆر هەیە بۆ ناساندنی حەز و هیواکانی ئەم توێژە گرینگەی هەرێم بەتایبەتی لاوان لە تەمەنی بەرهەمهێنان و داهێناندا، هەروەها ڕێگەکانی دووبارە گەڕاندنەوەیان و تێکەڵکردنیان بە کۆمەڵگە لە ڕێی دابینکردنی زەمینەسازی و هەوڵدان بۆ لابردنی بەربەستەکان کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.
- زانیاری زیاتر دەربارەی نەخۆشی ئایدز و هەندێ نەخۆشی و هەڵسوکەوتی تر کە تووشی لاوان دەبن.
- کاریگەری ماددە تیشک هاوێژەکان لەسەر تەندروستی گشتی لە ئەنجامی هەبوونی بڕێکی زۆر لە چەک و تەقەمەنی کە بەکارهاتووە لە دوا شەڕەکانی عیراق و کاریگەری ڕوونی هەیە لەسەر تەندروستی وەکو شێوانی جەستەیی لەدایکبووان و نەخۆشی جۆراوجۆری دەگمەن.

## 4.1 رووپێوی هەرزەکاران و لاوان 2019

لە هەرێم رووپێوی هەرزەکاران و لاوان لە ساڵی **2019** ئەنجامدرا، چاوپێکەوتن لەگەڵ **(1875)** خێزان کرا، نموونەکە بە یەکسانی دابەشکرا بەجۆرێک **(625)** خێزان بۆ هەر پارێزگایەک، یەک لەسەر چواری نموونەکان لە گوند و سێ بەسەر چواری لە شار وەرگیراوە. گروپی ئامانجپێکراو لەم رووپێوە لە تەمەنی **(10-30)** ساڵان بوو، و خشتەکانی رووپێوەکە دروستکرا بەپشت بەستن بە وەزنی نموونەکان بۆ هەر پارێزگایەک و هەردوو ژینگەی شار و گوند بەپێی ڕێژەی دانیشتوان. ڕێژەی هەرزەکاران و لاوان لە خێزانە وەرگیراوەکانی رووپێو **(44.2%)** بە جۆرێک ئەو ڕێژەیە بۆ ڕەگەزی نێر زیاترە وەك لە ڕەگەزی مێ **(51.1%** بەرامبەر **48.9%)**.

## 5.1 ئامانجی رووپێو

**بۆ ساڵی 2019 بریتین لە: (NYS) ئامانجەکانی رووپێوی هەرزەکاران و لاوان لە عیراق**

**1- توێژینەوە و زانینی هەڵسوکەوتی هەرزەکاران و لاوان لە تەمەنی (10-30) ساڵان بە تایبەت دوای ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی کە بەسەر عیراق و هەرێمی کوردستان داهات لە ساڵی 2014 بۆ دانانی دیدگای نیشتمانی بۆ لاوان لە عیراق و هەرێمی کوردستان تا ساڵی 2030 و جێبەجێکردنی خواستەکانیان.**

**2- دامەزراندنی بنکەی زانیاری بۆ ئەو کەسانەی تەمەنیان (10-30) ساڵانە بۆ ئاسانکاری بڕیار بەدەستان و سوود وەرگرتن لە دەرەنجامەکانی رووپێوەکە و دانانی پلانی گونجاو کە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی دەروونی، جەستەیی، کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری هەرزەکاران و لاوان.**

**3- دابینکردنی داتایەکی بنەڕەتی زۆر باش کە رەنگدانەوەی بارودۆخی لاوان بێت لەسەر ئاستی عیراق و هەرێم و دەست نیشان کردنی ئەو پێویستییانەی کە پەیوەندی بە خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و ئابووری، مافی مەدەنی ، بەشداریکردنی لاوان و ئاشتی و ئەمنی لاوان هەیە بۆ سیاسیەکان و دانانی بەرنامە و پلانی پەرپێدانی نیشتمانی.**

**4- دارشتنی نەخشەی دابەشبوونی گروپی هەرزەکاران و لاوان بۆ دیاریکردنی جۆرایەتی و جیاوازی لە خزمەتگوزارییەکان و چەسپاندنی گروپی تەمەن و پۆلین کردنیان لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی.**

## 6.1 گروپی بەئامانجگیراو:

**هەموو ئەو هەرزەکار و لاوانەی کە تەمەنیان لەنێوان (10-30) ساڵانە.**

## 7.1 دەرئەنجامە چاوەڕوانکراوەکان:

**1- دەستکەوتنی داتای پۆلێن کراو لە گروپی تەمەنی دیاریکراو و جۆری کۆمەڵایەتی.**

**2- بەدەستهێنانی کۆمەڵێک راسپاردە بۆ ئەنجامەکانی رووپێو بۆ زۆربەی ئەو پارێزگایانەی کە زیاتر هەژارن بۆ دانانی پلانی کار بۆ خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و ئابووری، رۆڵی سەرکردایەتی گۆڕین و قۆناغی پێگەیشتن/ بەشداریکردنی لاوان لە پرۆسەی بنیاتنانی ئاشتی و ئارامی.**

**3- دەستکەوتنی پوختەی پێشنیاز کراو لە سیاسییەکان کە داتایەکی وورد بەکاردەهێنن لە توێژینەوەی قوڵی نیشتمانی تر وەکو رووپێوی هێشوویی فرە نیشاندەر، رووپێوی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و تەندروستی ئافرەتانی عیراق(IWISH)، ئەنجامەکانی رووپێوی هێزی کار (LFS) بانگهێشتکردن لەگەڵ بڕیار بەدەستان لە ناوەند و باشوور و هەرێمی کوردستان بۆ مەبەستی پێویستی داتای لاوان، رێکارە یاساییە پێویستەکان، دابینکردنی پێویستییەکان بۆ پرۆگرامی لاوان و رەوشی سیاسی.**

**4- دانانی پلان بۆ بڵاوکردنەوەی ئەنجامەکانی رووپێوی نیشتمانی بە هاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان لە هەرێمی کوردستان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر کە پەیوەندیدارن بە دانانی دیدگای نیشتمانی لاوان.**

## 2. بەرنامەی کار و ئەنجامدانی رووپێو

### 1.2 ئامادەکردنی رووپێو:

1- کۆمەڵێک کۆبوونەوە ئەنجامدرا لە دەزگای ناوەندی ئامار لە عیراق و دەستەی ئاماری هەرێم بەمەبەستی ئامادەکردن و ئەنجامدانی رووپێوی نیشتمانی بۆ زانینی ئەو دیاردە جیاوازانەی کە گروپی لاوان و گەنجان پێیدا تێپەر دەبن و ئەو گروپی تەمەنە زیاتر لە (39%) کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنن.

2- رێککەوتن لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان دەربارەی ئەنجامدانی رووپێوەکە لەلایەن دەستەی ئامار و بەشداری پێکردنی نوێنەری وەزارەت لە ئەنجامدانی چالاکییەکانی رووپێو.

3- ئەنجامدانی کۆبونەوەی ئامادەکردنی پلانی رووپێو لە بەیروت بە بەشداریکردنی ژمارەیەک بەڕێوەبەر لە دەستەی ئامار و وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان.

4- دیاریکردنی گرینگترین برگەکانی رووپێو بە جۆرێک کە قەبارەی نموونەکە بۆ هەر پارێزگایەک بە (125) هێشوو هەژمارکرا و لە هەر بلۆکێک لە (5) خێزان هەڵبژێردران، کەواتە قەبارەی گشتی نموونەکە دەبێتە (465) خێزان لە شار و (160) خێزان لە گوند و کۆی گشتی نموونەکان لەسەر ئاستی پارێزگا (625) خێزان بوو.

### 2.2 ئامادەکردنی تیمەکان:

(14) تیم پێکهێندرا ( لیژنەی باڵا، تیمی ئامادەکردن، وەرگێران و پێداچوونەوەی پرسیارنامە، تەکنیکی، نوێکدنەوەی سامپڵ (نموونە)، ڕاهێنانی توێژەران، کاری مەیدانی، سەرپەرشتیار و تۆمارکردنی داتا، تەکنەلۆجیا و زانیاری IT، کارگێری و دارایی، وەرگرتن و پێدان، بەڕێوەبردنی سایت و چالاکییەکانی ڕووپێو، خزمەتگوزاری، شیکردنەوەی ڕاپۆرتی تایبەت بە هەرێمی کوردستان، ئامادەکردن و دیزاینی ڕاپۆرتی تایبەت بە هەرێمی کوردستان) بە هاوبەشی لەگەڵ نوێنەرانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان لە تیمی کاری مەیدانی.

## 3.2 دروستکردنی خشتەکانی کۆتایی ڕووپێو:

خشـــتەکانی کۆتایی ڕووپێو ئامادەکرا لەســـەر ئاســـتی هەرێمی کوردســـتان بەپێی ژینگە، پارێزگا، ئاســـتی خوێندەواری، ڕەگەز، گروپەکانی تەمەن و باری کۆمەڵایەتی.

## 4.2 خشتەی کاتی کارکردن:

بۆ دەسـتەبەرکردنی بەرنامەی کاری ڕوون بۆ گشت قۆناغەکانی ڕووپێو و زاڵبوون بەسـەر هەموو قۆناغەکانی کارکردن هەستاین بە ئامادەکردنی خشتەیەکی پێشنیارکراوی کاتەکانی کارکردن بۆ گشت قۆناغە جیاوازەکانی ڕووپێوەکە، جێبەجێکردنی کـاری مەیـدانی ڕووپێوەکە (25) ڕۆژی کـاری فعلی خـایـانـد، کـاری مەیـدانی لە ڕێکەوتی (2019/3/2) تاکو (2019/4/4) ئەنجامدرا جگە لە ڕۆژانی پشوو لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، لە خشتەی خوارەوە هەموو کاتەکان دیاریکراوە:

**خشتەی کاتی کارکردنی پێشنیارکراوی ڕووپێوی هەرزەکاران و لاوان لە عیراق بۆ ساڵی 2019**

| ژمارە | چالاکییەکان | کاتی دیاریکراو |
|---|---|---|
| یەکەم | -قۆناغی ئامادەکردن | |
| | -باری پلانی یەکەم | 2018/6/6 – 5/28 |
| | -ئامادەکردنی پوختەی پرۆژەکە و پێویستیەکان و ئامادەکردنی بوودجەی خەملێنراو | 2018/7/5 – 6/3 |
| | -ئامادەکردنی لیژنەکان و تیمەکانی کارکردن | 2018/8/5 – 8/1 |
| | -ناردنی بەڵگەنامەکان بۆ کەسانی شارەزا (پرسیارنامەی ڕووپێو+ نیشاندەرەکان+پرۆگرام+خولەکانی ڕاهێنان) | 2018/10/5 – 9/27 |
| | -کۆبوونەوەی هاوبەشی شارەزایان لەگەڵ دەزگای ناوەندی ئامار و دەستەی ئاماری هەرێم و وەزارەتی لاوانی عیراق و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار | 2018/10/14 |
| | -گفتوگۆکردن لەسەر نیشاندەرەکان | 2018/10/23 – 10/21 |
| دووەم | ئامادەکردنی پرسیارنامەی تایبەت بە ڕووپێو و دەرکردنی خشتەکانی کۆتایی | |

| | | |
|---|---|---|
| | -ئامادەکردنی رەشنووسی یەکەمی پرسیارنامە دوای کۆبوونەوەی هۆتێل رشید | 2018/10/25 – 10/24 |
| | -گفتوگۆکردن لەسەر رەشنووسی پرسیارنامە لەلایەن CSO و UNFPA و KRSO | 2018/10/30 – 10/28 |
| | -ئامادەکردنی پرسیارنامەی کۆتایی | 2018/11/8 – 10/31 |
| سێیەم | -قۆناغی تاقیکردنەوەی پێشوەخت | |
| | -ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی پێشوەخت PRE-TEST | 2018/12/3 |
| | -گفتوگۆکردن لەسەر تاقیکردنەوەی پێشوەخت PRE-TEST | 2018/12/4 |
| | -ئامادەکردنی کۆپی کۆتایی پرسیارنامە FINAL VERSION | 2018/12/9 |
| چوارەم | خولی TOT | |
| | -پەرەپێدان بە خشتەی کاری راهێنان و بەرنامەی راهێنانی راهێنەران TOT | 2018/12/24 – 12/21 |
| پێنجەم | نوێکردنەوەی نموونە | |
| | -نوێکردنەوەی نموونەکان لە هەرێمی کوردستان | 2019/1/23 – 1/7 |
| شەشەم | قۆناغی راهێنان | |
| | خولی راهێنانی هەرێمی کوردستان | 2019/2/15 – 2/9 |
| حەوتەم | قۆناغی کاری مەیدانی | |
| | -قۆناغی کاری مەیدانی لە هەرێمی کوردستان | 2019/4/4 – 3/2 |
| هەشتەم | قۆناغی کاری نووسینگەیی | |
| | -خولی راهێنانی وردبینی پرسیارنامەکان | 2019/4/4 – 4/2 |
| | -کاری نووسینگەیی لە هەرێمی کوردستان | 2019/5/1 – 4/7 |
| نۆیەم | قۆناغی داگرتنی داتا | |
| | -خولی راهێنانی داگرتنی داتا لە هەرێمی کوردستان | 2019/5/16 – 5/14 |
| | - داگرتنی داتا لە هەرێمی کوردستان | 2019/6/27 – 5/19 |
| دەیەم | قۆناغی ئامادەکردن و دەرچوونی راپۆرت | |
| | -خاوێنکردنەوەی داتای هەرێمی کوردستان | 2019/7/21 – 7/1 |
| | -وردبینی داتا | 2019/10/31 – 10/20 |
| | -نووسینەوەی راپۆرتی یەکەم و چاپکردنی | 2020/12/27 – 11/14 |
| | -ئامادەکردنی راپۆرتی کۆتایی | 2020/12/27 |

## 3. دیزاینکردنی نموونە و رێگاکانی هەڵبژاردنی نموونەکان:

### 1.3 پێوانەکردن و دیزاینکردنی نموونەکان:

**1-دەستکەوتنی نیشاندەرەکان لە ئاستێکی بەرز لە ووردی و لێهاتوویی.**

**2-لەخۆگرتنی هەموو پارێزگاکانی هەرێم لە رووپێوەکە.**

**3-دەستکەوتنی نیشاندەرەکان بە شێوەیەک کە تەمسیلی هەموو پارێزگاکان بکات لەسەر ئاستی شار و گوند.**

**4-دابینکردنی چوارچێوەی دانیشتوان بەمەبەستی هەڵبژاردنی نموونەکان تا ئاستی گونجاو لەبەر نەبوونی چوارچێوەی نوێ.**

**5-هەڵبژاردنی دیزاینی نموونەکان رێکخراوە لەگەڵ بارودۆخی کاری مەیدانی لە هەرێمی کوردستان و چاودێریکردنی کار بەشێوەیەکی کارامە.**

## 2.3 نمونەی ڕووپێوەکە:

**لەم ڕووپێوەدا کە هەموو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی گرتەوە پشت بەسترا بە هەڵبژاردنی فرەچینی هەرەمەکی بە پشت بەستن بە چوارچێوەی پرۆسەی گەمارۆسازی ساڵی 2009.**

**ئامانجی ڕووپێوەکە گەیشتنە بەو نیشاندەرانەی کە تەمسیلی هەموو چینێک لە ئاستی پارێزگاکان بکات، بۆیە قەبارەی نمونەکە بەم شێوەیەی خوارەوە هەژمارکرا:**

$$n = \frac{Z^2 * pq(1+NR)(DE)}{d^2(HH's)(r)}$$

**بەشێوەیەک:**

| | | |
|---|---|---|
| Z | سنووری متمانەی گوزارشت لێکراو 95% (C.L) | 1.96 |
| P | ڕێژەی نوێنەری یەکێ لە گۆڕاوەکانی ڕووپێوەکە ( ڕێژەی 0.5 هەڵبژێردرا بۆ ئەوەی بەلەخۆگرتنی زۆرترین جیاوازی چاوەڕوانکراوی نێوان چاوپێکەوتنەکانی ڕووپێو بکرێ | 0.5 |
| Pq | جیاوازی ڕێژە | 0.25 |
| NR | ڕێژەی وەڵامنەدانەوە | 0.04 |
| DE | فاکتەری کاریگەری دیزاینکردن (زیادکردنی قەبارەی نموونە لێرەدا نزیکەی 0.43 بۆ چارەسەرکردنی لایەنداری (تحیز) دەرکەوتوو لە بەکارهێنانی شێوازی چاودێری هێشوویی) | 1.43 |
| HHs | تێکرایی قەبارەی خێزان لە ڕووپێوی خێرا بۆ باری گوزەرانی خێزان و چاودێری ڕێژەی هەژاری لە هەرێمی کوردستان 2018 (SWIFT) | 6.2 |
| R | ڕێژەی ئەندامانی تەمەن (10-30) ساڵان | 1.41 |
| D | هەڵەی ڕێگەپێدراو | 0.03 |

**لێرەدا قەبارەی نمونەی گونجاو بۆ هەر پارێزگایەک دەکاتە (n=625) ، پشت بەسترا بە دابەشکردنی نمونە لەسەر ئاستی ژینگە بۆ هەر پارێزگایەک بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ قەبارەی خێزان لە هەرێمی کوردستان**

**(125) بلۆک هەڵبژێردرا بۆ هەر پارێزگایەک، هەر بلۆکێک لە (5) خێزان پێکهاتووە بەمشێوەیە قەبارەی نموونەکە دەبێتە (465) خێزان لە شار و (160) خێزان.**

**بۆ مەبەستی تەمسیل کردنی قورسایی دانیشتوان بۆ هەر چینێک، پرۆسەی دووبارە دانانەوەی نموونە بەپێی ڕێژەی دانیشتوان ئەنجامدەدرێت بەجۆرێک ئەنجامەکان هاوسەنگ بێت (موزونة) لەسەر ئاستی هەموو پارێزگاکان و لەسەر ئاستی هەموو عیراق و ژینگەی شار و گوند.**

**خشتەی (1): دابەشبوونی نموونەکان لە رووپێوی نیشتمانی هەرزەکاران و لاوان بۆ ساڵی 2019 (NYS)**

| پارێزگا | ژمارەی بلۆکەکان | | | ژمارەی خێزانەکان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | شار | گوند | کۆی گشتی | شار | گوند | کۆی گشتی |
| دهۆک | 93 | 32 | 125 | 465 | 160 | 625 |
| سلێمانی | 93 | 32 | 125 | 465 | 160 | 625 |
| هەولێر | 93 | 32 | 125 | 465 | 160 | 625 |
| هەرێمی کوردستان | 279 | 96 | 375 | 1395 | 480 | 1875 |

## 3.3 بۆچی پشت دەبەستین بە شێوازی رووپێوی خێزانی؟

**ئەو توێژەی کە ئامانجمانە توێژێکی فراوانە بەڵام دابەشدەبن بەسەر چەند پۆلێک و بارودۆخێکی جیاواز، زۆربەی ئەندامەکانی تەمەن (10-30) ساڵان لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندنن، وە بەشێک لەوانە کاردەکەن، بۆیە چوارچێوەی گونجاو بەردەست نابێت بۆ گەماروٚدانی (لحصر) ئەو توێژە دیاریکراوە بۆیە دەتوانین داتا کۆبکەینەوە بەشێوەی بابەتی و بێلایەنی، لە ئێستادا هەموو ئەندامانی ئەو توێژە هەیە لەناو خێزانەکان، وە تێکرای قەبارەی خێزان لە عیراق نزیکەی (6.2) و لە هەرێمی کوردستان (5.4) کەسن رێگە دەدرێ بە هەبوونی ژمارەی داواکراو لە نموونەکە بە قەبارەی گونجاو لە خێزان.**

## 4.3 گرینگی و پێویستی گەڕاندنەوەی داتاکان:

**بۆ ئەوەی خەملاندنی نموونەکانی رووپێوێک تەمسیلی کۆمەڵگا بکات، بۆیە پێویستە داتاکان جارانی کێشی نموونەکە بکرێ یان هاوکۆڵکەی فراوانی (معامل التمدد(الرفع))، هەروەها جارانی کێشی سەرەکی بۆ هەر**

**یەکەیەکی نموونەکە بکرێ کە یەکسانە بە پێچەوانەی ئەگەری راکێشان یان هەڵبژاردن، لەبەرئەوەی چارەسەرکردنی هەموو داتاکانی رووپێوەکە بە کۆمپیوتەر دەبێت ئاسانە وەزنی بۆ هەموو یەکەیەک لە نموونەکە دابنرێت لە کۆمبیوتەردا.**

## 5.3 دابەشکردنی نموونەکان:

**هەڵبژاردنی ژمارەی خێزانەکان بەشێوەی هەڵبژاردنی فرەچینی هەرەمەکی (الطبقية العشوائية) کە ئەم شێوازە بە یەکێک لە باشترین شێوازەکانی رووپێوی خێزانی دەژمێردرێت، بەهۆی ئاسانی پێداچوونەوە و کەمکردنەوەی بڕی تێچووی کات،  قەبارەی هەر هێشوویێک بریتی بوو لە (5) خێزان بەمشێوەیە ژمارەی خێزانەکان دەبێتە (1875). لە هەرێمی کوردستان هەنگاوەکان لە پرۆسەی هەڵبژاردنی نموونەی رووپێوەکە پشتی بەمانەی خوارەوە بەستوە:**

**1- هێشووەکان بەپێی ژینگە دابەشکراون بەمشێوەیە:**

**أ- ریزبەندی گشت هێشووەکانی شارنشین لە پارێزگاکان (ناحیە دوای ناحیە بەپێی رێبەری ئیداری) و هەڵبژارنی نموونەیەک بەشێوەیەکی هەڕەمەکی لە هێشووەکان کە ژمارەیان دیاری کراوە.**

**ب- ریزبەندی گشت هێشووەکانی گوندنشین لە پارێزگاکان (ناحیە دوای ناحیە بەپێی رێبەری ئیداری) و هەڵبژارنی نموونەیەک بەشێوەیەکی هەڕەمەکی لە هێشووەکان کە ژمارەیان دیاری کراوە.**

**2- بەمەبەستی ڕاکێشانی نموونەی (خێزان) لە هێشووە هەڵبژێردراوەکان، هەموو ئەو خێزانانەی کەوتنە بەرهەنگاوی پێشوو بەدواداچوونیان بۆ کرا.**

**3- لە نێوان خێزانی هێشووە هەڵبژێردراوەکان 5 خێزان هەڵبژێردران (کە لە خشتەی بواری خێزانەکاندا هاتووە) پاش زیادکردنی دوو خێزانی یەدەگ بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**أ- ئەگەر ژمارەی خێزانەکان لە هێشووی هەڵبژێردراو گەیشتبێتە (7) خێزان ئەوە خێزانەکە بەتەواوی هەڵبژێردرایە.**

**ب- ئەگەر ژمارەی خێزانەکان لە هێشووی هەڵبژێردراو کەمتر بێت لە (7) خێزان ئەوە خێزانەکە بەتەواوی هەڵبژێردراوە و ژمارەکە تەواو دەکرێت لەو هێشووەی کە لە دوای هێشووی هەڵبژێردراو دێت خێزان دوای**
**خێزان، لەیەکەم خێزانەوە لە هێشووی نوێیەکە دەست پێدەکات.**

**ج- ئەگەر ژمارەی خێزانەکان لە هێشووی هەڵبژێردراو زیاتر بێت لە (7) خێزان ئەوە پشت دەبەسترێت بە بنەمای  هەڵبژاردنی هەرەمەکی رێکخراو بەبەکارهێنانی پرۆگرامی Excel.**

## 6.3 نوێکردنەوەی نموونەکان:

**پلانێکی کاری تێروتەسەل دانرا بۆ نوێکردنەوەی نموونەکان کە لەم چەند خاڵەی خوارەوە کۆکراوەتەوە:**

**1- پاش هەڵبژاردنی ئەو خێزانانەی کە شیاوی چاوپێکەوتنن نموونەکان لەسەر پارێزگاکان دابەشکران کە (125) هێشوو بوو.**

**2- دابەشکردنی ئەو کەسانەی کە چاودێری مەیدانین کە ژمارەیان (3) چاودێر بوون بۆ هەر پارێزگایەک چاودێرێک.**

**3- دانانی سەرپەرشتارانی ناوەخۆ کە ژمارەیان (3) سەرپەرشتیار بوو بۆ هەر پارێزگایەک سەرپەرشتیارێک.**

**4- ژمارەی توێژەرانی مەیدانی کە بەشدارییان لە کاری نوێکردنەوەی نموونەکان کرد (33) توێژەری مەیدانی بوون لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئامار لە پارێزگاکان.**

**5- کاری نوێکردنەوەی نموونەکان (15) ڕۆژی خایاند وە بۆ ئەوەی کاری مەیدانی بەشێوەییەکی ڕێکوپێک ئەنجام بدرێ ئۆتۆمبیلی تایبەت ئامادەکرابوو بۆ هاتووچۆکردنی توێژەرانی مەیدانی و سەرپەرشتیارانی ناوەخۆ بۆ هەموو ڕۆژەکانی کارکردن.**

## 7.3 هەژمارکردنی کێشەکان:

**کێش بریتییە لە پێچەوانەی ئەگەری سەرهەڵدانی یەکەیەک لە نموونەدا کە یەکسانە بە ئەنجامی دابەشکردنی ژمارەی یەکەکانی نموونە لە کۆمەڵگادا بەسەر ژمارەی یەکەکانی نموونەی ڕاکێشراو، ئەگەری ڕاکێشانی خێزانی i لە چینی h هێمای Phi بۆ دادەنرێت کە یەکسانە بە:**

**Phi= Mhi/mhi**

**بەجۆرێک:**

**Phi = ئەگەری سەرهەڵدانی خێزان لە چینی hi**

**Mhi = ژمارەی خێزان لە چینی hi**

**mhi = ژمارەی خێزانی ڕاکێشراو لە چینی hi**

**ژمارەی خێزانەکان و ئەندامانی خەمڵێندراوە لەسەر چینەکان بەپێی پارێزگاکان لەڕێی پشتبەستن بەو زانیارییانەی کە لە رووپێوی خێرا بۆ باری گوزەرانی خێزان و چاودێری ڕێژەی هەژاری لە هەرێمی**

کوردستان **2018** (SWIFT) بەدەست هاتووە کە ژمارەی خێزانەکانی گەیشتە **(2700)** خێزان، لەم ڕێگایەوە زانیاری فراوان کۆکرایەوە کە داتای ورد و تێروتەسەلی دەربارەی دیموگرافی تاکی لەخۆدەگرێت ئەویش بە پلەی سەرەکی پشتی بەستووە بە چوارچێوەی پرۆسەی گەمارۆسازی **2009**، دواتر دووبارە نوێکرنەوەی چوارچێوەی قۆناغە سەرەتاییەکانی کاری مەیدانی.

سوود لە داتاکانی رووپێوی سەرەوە وەرگیراوە لە خەملاندنی رێژەی خێزانەکان و ئەندامە لاوەکان بەپێی هەر چینێک لە چینەکانی **3** پارێزگاکە، خەملاندن کرا بۆ ژمارەی خێزانەکان و ئەندامەکانی خێزان بۆ ساڵی **2019** بەپێی چینەکان بە پشت بەستن بە مەزندەی دانیشتوان بۆ ساڵی **2019**. پاش خەملاندنی ژمارەی ئەندامەکان هەژمارکردنی وەزن ئەنجامدرا بەپێی خشتەی خوارەوە:

**خشتەی (2): ژمارەی ئەو لاوانەی کە چاوپێکەتنیان لەگەڵ کراوە و ژمارەی لاوەکان لە نموونەی رووپێوەکە و وەزن**

| پارێزگا | (A) ئەو لاوانەی کە شیاوی چاوپێکەوتنن لەساڵی 2019 | | (B) لاوان لە نموونەکە 2019 | | (A/B) وەزنی لاوان | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | شار | گوند | شار | گوند | شار | گوند |
| دهۆک | 414630 | 155052 | 1189 | 482 | 348.72 | 321.68 |
| سلێمانی | 735499 | 130320 | 901 | 334 | 816.31 | 390.18 |
| هەولێر | 663658 | 131659 | 1087 | 435 | 610.54 | 302.66 |
| هەرێمی کوردستان | 1813787 | 417031 | 3177 | 1251 | | |

## 8.3 ڕێژەی وەڵامدانەوە:

ژمارەی ئەو خێزانانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجامدراوە **1864** خێزان بوو کە پێکهاتبوو لە **4428** تاك لە گروپی تەمەنی **(10-30)** ساڵان، بۆیە ڕێژەی وەڵامدانەوە **(99.4)** بوو. **93.2%** ئەو خێزانانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجامدراوە خۆجێین و **6%** خێزانە ئاوارەکانن (پێش ساڵی **2014** و دوایی **2014** ) و **0.8%** پەنابەرن.

خشتەی **(3)**: ژمارەی و ڕێژەی وەڵامدانەوە لەسەر ئاستی خێزان

| پارێزگا | ژمارەی ئەو خێزانانەی کە وەڵامیان داوەتەوە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|
| دهۆک | **620** | **99.2** |
| سلێمانی | **619** | **99.0** |
| هەولێر | **625** | **100.0** |
| هەرێمی کوردستان | **1864** | **99.4** |

## 4. پرسیارنامەی خێزان:

**دوو پرسـیارنامە بۆ ئەم رووپێوە ئامادەکرا یەکێکیان بۆ کوڕان و ئەویتریان بۆ کچان، هەردووکیان هەموو بەشـەکانی پرسـارنامەی وەکویەکە جگە لە بەشـی تەندروسـتی منداڵبوون تایبەت بە نێرینە و مێینە کە چەند پرسیارێکی جیاوازی تێدایە تایبەت بە هەردوو رەگەز.**

## 1.4 بەشەکانی پرسیارنامە:

**بەشەکانی ئەو پرسیارنامەیە بەسەر (18) بەش دابەش دەبێت ئەوانیش:**

**یەکەم: پرسیارنامەی خێزان.**

**دووەم: زانیاری ئەندامانی خێزان تەمەن (10-30) ساڵان.**

**سێیەم: بەشی فێرکردن / تایبەت بەوکەسانەی کە بەردەوامن لە خوێندن تەمەنیان (10-30) ساڵان**

**چوارەم: بەشی کارکردن و کاردن بۆ تەمەنی (10-30) ساڵان.**

**پێنجەم: بەشی تەندروستی بۆ تەمەنی (10-30) ساڵان.**

**شەشەم: بەشی نەخۆشییە گوازراوەکان لە رێگای سێکس بۆ تەمەنی (18-30) ساڵان.**

**حەوتەم: تەندروسـتی منداڵبوون بۆ نێرینە لەتەمەنی (15-30) سـاڵان و ئەوانەی هاوسـەردارن و تەمەنیان لە 15 ساڵ کەمترە.**

**هەشـتەم: تەندروسـتی منداڵبوون بۆ مێینە لەتەمەنی (15-30) سـاڵان و ئەوانەی هاوسـەردارن و تەمەنیان لە 15 ساڵ کەمترە.**

**نۆیەم: بەشی باری خۆراك بۆ تەمەنی (10-30) ساڵان.**

**دەیەم: بەشی تەندروستی دەروونی و کۆمەڵایەتی و کاتە بەتاڵەکان بۆ کەسانی تەمەن (15-30) ساڵان.**

**یازدەم: بەشی جۆری کۆمەڵایەتی و توندوتیژی و ڕۆڵی لاوان بۆ لە تەمەنی (15-30) ساڵان.**

**دوازدەم: ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و هونەری بۆ لاوان لە تەمەنی (15-30) ساڵان.**

**سێزدەم: بەشی وەرزش و لاوان بۆ تەمەنی (30-10) ساڵان.**

**چواردەم: بەشی تەکنەلۆجیا و زانیاری و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ تەمەنی (30-10) ساڵان.**

**پازدەم: بەشی کەمئەندامی بۆ تەمەنی (30-10) ساڵان.**

**شازدەم: بەشی بەشداریکردن بۆ تەمەنی (30-15) ساڵان.**

**حەڤدەم: بەشی لاوان و ئاسایش بۆ تەمەنی (30-18) ساڵان.**

**هەژدەم: بەشی مافی شارستانی و هاوڵاتیبوون بۆ تەمەنی (30-18) ساڵان.**

## 2.4 ئامادەکردنی رێبەری زانیاری و رێساکانی ووردبینی:

**رێبەری زانیاری و یاساکانی ووردبینی ئامادەکرا بە مەبەستی رێگاکانی پڕکردنەوەی پرسیارەکانی تایبەت بە پرسیارنامەکە و دانانی مانا و چەمکی چەند زاراوەیەکی تایبەت بە پرسیانامەی رووپێوەکە.**

## 3.4 هەڵسەنگاندنی پێشوەخت:

**هەڵسەنگاندنی پێشوەخت یەکێکە لەو هەنگاوە زۆر گرینگانەیە کە لەکاتی ئەنجامدانی هەر رووپێوێک ئەنجامدەدرێت،کە کاریگەری دەبێت لەسەر کوالێتی دیزاینی پرسیانامەکە و هەموو قۆناغەکانی تر و راستی و دروستی وەڵامەکان. هەروەها بۆ دیاریکردنی پەرچەکرداری نموونەی خوازراو لە رووپێو و گۆڕانی پرسیارنامەکە بۆ دواجار پێش ئەنجامدانی رووپێوەکە و بریاردان لەسەر پرسیارنامەی کۆتایی.**

**هەڵسەنگاندنی پێش وەخت ئەنجامدرا بە سەرپەرشتی دەستەی ئامار و بە بەشداری فەرمانبەرانی ئاماری پارێزگاکان و دواین گۆرانکاری لە پرسیارنامەکە کرا بەپێی ئەو تێبینیانەی کە لە هەڵسەنگاندنەکە بەدەستهاتن.**

## 5. راهێنان:

**پرۆسەی راهێنانی کادیرانی هونەری بە گشت ئاستەکانی بووە مایەی گرینگی پێدان، پرۆسەی راهێنانی سەرپەرشتیارانی ناوەند، ناوخۆیی، توێژەرانی مەیدانی، ووربینی، کارمەندانی نووسینگە و داگری داتاکانی لەخۆوەگرت.**

**لە خوارەوە کۆی هەموو چالاکییەکانی راهێنانەکان لە رووپێوی هەرزەکاران و لاوان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2019 خراوەتە روو:**

1. **خولەکانی راهێنان دوو خول بوون:**

**خولی یەکەم: لە پارێزگای هەولێر ئەنجامدرا لە رێکەوتی (2019/2/10) تاکو (2019/2/14) بۆ ماوەی 5 رۆژ کە تێیدا توێژەرانی مەیدانی و سەرپەرشتیارانی ناوەند و ناوەخۆیی و ووردبینی تێیدا بەشداربوون لە پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک).**

**خولی دووەم: لە پارێزگای هەولێر ئەنجامدرا لە رێکەوتی (2019/5/14) تاکو (2019/5/16) بۆ ماوەی سێ رۆژ کە تێیدا داگرانی داتا بەشدارییان تێدا کرد.**

2. **بەشداربوون لە رووپێوەکە کرد ژمارەیان (157) کەس بوون کە هەریەکەیان دابەشکرابوون بەپێی کاری خۆیان وەک لە خشتەی خوارەوە دیارە:**

| جۆری کار | ژمارە | جۆری کار | ژمارە |
|---|---|---|---|
| لیژنەی باڵا | 9 | ئامادەکردن،وەرگێران و پێداچوونەوەی پرسیارنامە | 6 |
| لێژنەی تەکنیکی | 7 | نوێکدنەوەی سامپڵ (نموونە) | 41 |
| ڕاهێنانی توێژەران | 2 | کاری مەیدانی | 36 |
| سەرپەرشتیاری و تۆمارکردنی داتا | 16 | سەرپەرشتیارانی ناوەخۆ | 6 |
| سەرپەرشتیاری ناوەندی | 3 | تەکنەلۆجیا و زانیاری IT | 4 |
| کارگێری و دارایی | 8 | وەرگرتن و پێدان | 3 |
| بەڕێوەبردنی سایت و چاڵاکییەکانی ڕووپێو | 3 | خزمەتگوزاری | 6 |
| شیکردنەوەی ڕاپۆرتی تایبەت بە هەرێمی کوردستان | 2 | ئامادەکردن و دیزاینی ڕاپۆرتی تایبەت بە هەرێمی کوردستان | 5 |

## 6. کاری مەیدانی:

**پلانێکی مەیدانی تێروتەسەل بۆ بەڕێوەبردنی کاری مەیدانی داڕێژرا کە بریتی بوو:**

1. **پێکهێنانی تیمی سەرپەرشتیارانی ناوەخۆ کە پێکهاتبوو لە فەرمانبەرێکی ئامار لە بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پرێزگاکان و فەرمانبەرێکی بەرێوەبەرایەتی رۆشنبیری و لاوان بۆ هەر پارێزگایەک.**
2. **تیمی توێژەرانی مەیدانی پێکهێنرا کە بریتی بوو لە (2) توێژەر یەکێکیان لە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان و ئەویتریشیان لە بەڕێوەبەرایەتی ئامار کە نزیکەی (15) تیمە بوون دابەش کرا بوون بەپێی پارێزگاکان بۆ هەر پارێزگایەک (5) تیم واتە بۆ هەر پارێزگایەك (10) توێژەی مەیدانی لە هەردوو لایەنی جێبەجێکار.**

**کاری مەیدانی بۆ ماوەی (25) بەردەوام بوو، بە مەبەستی بەدەستهێنانی کارێکی لێهاتوو و کارا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری کاری مەیدانی و تەرخانکردنی ئۆتۆمبێلی تایبەت بۆ هەر تیمێک لەگەڵ ئۆتۆمبێلی تایبەت بۆ سەرپەرشتیاری ناوەخۆ، ئەو ئۆتۆمبیلانە کاریان کرد بە درێژایی رۆژانی کاری مەیدانی کە (25) رۆژی خایاند.**

## 7. کاری نووسینگە و تۆمارکردنی داتا:

**دوای بەرێوەچوونی کاری مەیدانی، ئەو پرسیارنامانەی کە پڕکرابوونەوە بە چەند پرۆسەیەک و قۆناغێکی نووسینگەییدا تێپەڕین، کە بریتی بوون لە:**

1. **ئەنجامدانی ووردبینی ناوەخۆ لەلایەن سەرپەرشتیارانی ناوەخۆیی و ووردبینی پارێزگا.**
2. **ووردبینی پرسیارنامەکان لەلایەن تیمی ووربینی لە دەستەی ئاماری هەرێم بۆ ماوەی (20) رۆژە.**
3. **کاری داگرتنی داتاکان لەلایەن فەرمانبەرانی دەستەی ئاماری هەرێم لە هۆلی تۆمارکردنی زانیارییەکان ئەنجامدرا بۆماوەی 2 جار بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی گواستنەوی زانیارییەکان لەسەر پرسیارنامەوە بۆ سەر پرۆگرامی تایبەت بە تۆمارکردنی زانیارییەکان کە پرۆگرامی CSPro یە و ماوەی (25) خایاند.**
4. **پێداچوونەوە بە پرۆسەی داگرتنی داتا لەلایەن چاودێرانی داگرتن و راستکردنەوەی هەڵەکان لە ڕێگەی ڕاپۆرتی بەراوردی نێوان داگرتنی یەکەم و دووەم.**
5. **بەرێوەچوونی پرۆسەی یەکخستنی داتاکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ پارێزگاکانی تری عیراق و گواستنەوەیان بۆ پرۆگرامی ئاماری تایبەت بە شیکردنەوەی داتا SPSS.**

6. دەرهێنانی وەزن و گەورەکردنی نموونەکان بۆ هەر خێزانێک و تاکێکی تەمەن **(10-30)**.
7. ئامادەکردنی خشتەی نیشاندەرەکانی بەدەستهاتوو لە داتای ڕووپێوەکە.
8. ووردبینی کردنی ئەو خشتە سەرەتاییانەی کە بەدەستهاتوون.
9. نووسینەوەی ڕاپۆرتی شیکردنەوە تایبەت بە هەرێمی کوردستان.
10. پێداچوونەوەی ڕاپۆرتی شیکاری.
11. ئامادەکردنی و دەرکردنی ئەنجامەکانی رووپێو و بەپێی خشتەکانی ئەنجامی ڕووپێو لەسەر ئاستی نیشتمانی تایبەت بە هەرێمی کوردستان.
12. دیزاین کردن و ئامادەکردنی ڕاپۆرتی خشتەکانی ئەنجامی رووپێوەکە تایبەت بە هەرێمی کوردستان.

## 8. پێناسە و دەستەواژەکان:

### 1.پرسیارنامەی خێزان

**خێزان:** بریتییە لە ئەندامێک یان کۆمەڵێک ئەندام کە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە یان پەیوەندییان بەیەکەوە نیە و لە یەکەیەکی نیشتەجێ یان لە بەشێک لە یەکەیەکی نیشتەجێ دەژین لە نانخواردن و هەندێ لە پێویستییەکانی دیکەی ژیان بەشدارن.

**هێشوو:** بریتییە لە کۆمەڵە شتێک یان کەلوپەلێک یان کۆمەڵە کەسێک یان هەر پێکهاتەیەکی تر بەجۆرێک کە جیاوازی و لێکنەچوونی نێوانیان زۆر کەم بێت، لە رووپێوی تایبەت بە هەرزەکاران و لاوان هەر هێشووێك **(5)** خێزانی هەڵبژێردراوی رووپێو لەخۆ دەگرێت لە هەر بلۆکێک.

**بلۆک:** بریتییە لە کۆمەڵە بینایەک کە گەڕەک/گوند پێک دەهێنن یان بەشێک لەوانە دەتوانرێ سنووریان جیابکرێتەوە لەسەر زەوی وە نەخشەیان بکێشرێ و ژمارە و هێمایان بۆ دابنرێ وە سنوورێکی دیاریان هەیە کە دەتوانرێ بە ئاسانی بناسرێنەوە، هەر بلۆکێک نزیکەی **(70-100)** بینا زیاتر یان کەمتر لە خۆ دەگرێت بەپێی جۆری بیناکە و ژمارەیان دەدرێتی بەپێی سنووری گەڕەک یان گوند. بەڵام بلۆک بەشێک نیە لەدابەشبوونی ئیداری پشت پێبەستراو بەڵکو بەشێکە لە گەڕەک بۆ ئاسانکاری لە ئەنجامدانی هەر رووپێوێکی دیاریکراو.

**شارنشین:** بریتییە لەو شوێنانەی کە دەکەونە ناو سنووری شارەوانییەکان.

**گوندنشین:** بریتییە لەو شوێنانەی کە ناکەونە ناو سنووری شارەوانییەکان.

سـەرۆک خێزان: بریتییە لەو کەسـەی کە بەرپرسـە لە بەڕێوەبردنی خێزان لە رووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە دوور لە رەچاوکردنی رەگەز، کە هەڵدەبژێردرێ لەلایەن ئەندامانی خێزانەوە لەوانەیە باوک یان دایک یان خوشـک یان برا بێت، وە مەرج نیە سـەرۆک خێزان داهاتی ئابووری لەدەسـت بێت لەوانەیە تەنها ئیشـکەری خێزانەکە کوڕەکەی بێت بەڵام باوکەکەی ئیدارەی خێزانەکە بکات لێرەدا باوکەکە دەبێتە سەرۆک خێزان.

جۆری یەکەی نیشتەجێبوون: مەبەست لە جۆری یەکەی نیشتەجێبوون شێوەی ئەندازەیی و بیناسازی یەکەی نیشتەجێبوونەکەیە، کە دەکرێ بەو جۆرانەی خوارەوە بێ:

1. خانوو: بریتییە لە بینایەکی دروسـتکراوی سـەربەخۆ کە دابینکراوە بۆ نیشـتەجێبوونی خێزانێک یان زیاتر و پێکهاتووە لە ژوورێک یان زیاتر (لەگەڵ پاشـکۆکانی خزمەتگوزاری، چێشـتخانە، گەرماو، تواليێت) و لەرێی دیوارێك، سیاجێك یان باخچەیەک جیاکراوەتەوە لە شەقام.
2. شـوقە: بریتییە لە زنجیرەیەك یەکەی نیشـتەجێبوونی سـەربەخۆ لە بینایەکدا کە لە ژوورێک یان زیاتر پێکهاتوون (لەگەڵ پاشـکۆکانی خزمەتگوزاری، چێشـتخانە، گەرماو، تواليێت ئەگەر هەبوون) و دەرگایەکی هەیە کە دەیگەیەنێت بە مەدخەلی بیناکە یان باڵەخانەکە.
3. کوخ: بریتییە لە شوێنی مانەوە یان دروستکراوێکی سەربەخۆ کە لە کەرەستەی خاو دروستکرایە وەک قامیش، گەڵای دارخورما، قوڕ، تەنەکە.
4. خێمە یان رەشـماڵ: شـوێنی مانەوەیە کە دروسـتکرایە لە تووکی ئاژەڵ، موو، قوماش کە دەتوانرێ هەڵبگیرێ و بەئاسانی بگوازرێتەوە.
5. کەرەڤان: شوێنێکی پێشتر ئامادەکراوە کە جێگیر کرایە بەشێوەیەکی کاتی یان بەردەوام، کەرەستەی بەکارهاتوو لە دروستکردنی بریتییە لە دار یان ئاسن یان چینکۆ، بۆ شوێنی نیشتەجێبوون یان شوێنی کارکردن بەکار دێت.
6. خانووی قوڕ: خانووی قوڕ جیاوازە لە خانووەکانی تر لە رووی دروسـتکردنی و جۆری کەرەسـتەی بەکارهاتوو لە دروسـتکردنی و شـێوە باوەکەی کە سـروشـت سـەپاندوویەتی لەسـەری لەو شـوێنە، کەرەسـتەی بەکارهاتوو لە دروسـتکردنەکەی زیاتر پشـت دەبەسـتن بە قوڕ چونکە بەهێزە و بەرگەی گەرمی، ساردی بەهێز و باران دەگرێت و بەردەستە و بەکارهێنانی ئاسانە لە رووی دەرەوەی دیوارەکان دەدرێت، خانوویەکان لە خشـت دروسـتدەکرێن کە ئەویش لە قوڕ دروسـت کرایە و لەگەڵ کا تێکەڵ کرایە بۆ بەهێزکردن و یەکگرتنی خشتەکە.
7. ژوور: بریتییە لە لایەک لە شـوێنی نیشـتەجێبوون کە دەورە دراوە بە دیوار درێژ بۆتەوە بۆ بان، کە دەتوانرێ سـەرینی لێ دابنرێ بۆ کەسی پێگەیشتوو، کۆی ژوورەکان لە شوێنی یەکەی نیشتەجێبوون

بریتین لە ( ژووری نووستن، ژووری نانخواردن، ژووری دانیشتن، ژووری خوێندن یان هۆڵی گونجاو بۆ نیشتەجێبوون، ژووری ئیشکەر و چێشت لێنان لە حاڵەتێک کە بۆ نووستنیش بەکاربێت) جگە لە مەمەرەکان و بەلەکۆن و گەرما و توالێتەکان.

8. **خاوەنداریەتی یەکەی نیشتەجێبوون:** ئەوەیە کە خێزان خاوەنی یەکە نیشتەجێبوونی خۆی بێ، واتە بیناکە نەک ئەو زەوییەی لەسەری بنیاتنراوە، ئەمەش دەکرێ موڵک یان بەکرێ یان بەخشراو یان بەخۆرایی یان... هتد بێت.

9. **کاری توندوتیژی و تیرۆری:** مەبەست لەکاری توندوتیژی و تیرۆری بریتییە لە هەر دەستدرێژیەک بۆ سەر گیان و ماڵ و موڵکی گشتی و تایبەت چ لەلایەن تاک یان لەلایەن گرووپێکەوە ئەنجام بدرێت. هەروەها کاری جیاکاری و نەتەوەپەرستی و سەرکوتکردن و قڕکردن و کاری تیرۆر دەگرێتەوە دژ بە بەرپرسان و و دیپلۆماتکاران ونوێنەرانی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، هەروەها کردەوەکانی ڕماندن و رفاندن و تەقاندنەوە و بەبارمتەگرتن و تەقەکردن وهۆکارەکانی تری توندوتیژی دژ بە تاکەکان و موڵک و ماڵ لەلایەن کەسان و دەزگا و حزب و وڵاتان کە بەشێوەیەکی پێچەوانەی یاسا ئەنجام بدرێن و لە ژێر هەر پەردەیەکی سیاسی یان ئاینی یان ئەمنی. ئەنجامدانی کردەی خۆکوژانە و بڵاوکردنەوی ترس و تۆقاندن و رفاندن و تەقینەوە و تێکدانی بنکە ژێارییەکانی دەوڵەت و ئەنجامدانی تاوانی ئابووری بە مەبەستی رمانی ئابووری دەوڵەت و پەکخستنی و رووخاندنی خانوو و ئاگرخستنەوەش دەگرێتەوە.

## 2.پرسیارنامەی ئەندامانی خێزان لە تەمەنی (10-30) ساڵان

**لاوان:** هەرزەکار یان لاو تا کاتی ئەنجامدانی رووپێوەکە بەوە پێناسە کراوە کە تاکێکە چ کوڕ یان کچ و بەشێوەیەکی بەردەوام لەگەڵ ئەو خێزانە دەژی کە بە مەبەستی ئەنجامدانی رووپێوەکە هەڵبژێردراوە. تەمەنی هەرزەکار یان لاوان تا کاتی رووپێوەکە لە نێوان **10**ساڵ تا **30** ساڵ دیاریکراوە.

**تەمەن:** بریتییە لە ماوەی نێوان رێکەوتی لەدایک بوون و رێکەوتی ئەنجامدانی رووپێوەکە بە ساڵی تەواو گوزارشتی لێ دەکرێت، ئەگەر ژمارەی مانگەکان لەکاتی چاوپێکەوتن کەمتر بوو لە **12**مانگ پشتگوێ دەخرێ.

**باری خێزانداری:** بریتییە لە باری کەسی هەر تاکێک کە پەیوەستە بە یاسا و داب و نەریتی کارپێکراو، لەوانەیە سەڵت، خێزاندار، تەڵاقدراو، بێوەژن یان بێوەمێرد یان جیابۆوە بێت.

## 3.بەشی فێرکردن/تایبەت بۆئەو کەسانەی کە بەردەوامن لە خوێندن لە تەمەنی (10-30) ساڵان

**پەیوەندیکردن بە خوێندن:** بریتییە لە باری تاکێک لەرووی پەیوەندیکردن و بەردەوامبوونی بە خوێندن یان بەردەوام نەبوونی وەک ئەوەی بچێت بۆ خوێندنێکی رێکخراو لە دەزگایەکی فێرکاری فەرمی یان لە رێگەی پرۆگرامێکی گشتی یان تایبەتی داڕێژراو بۆ فێرکردن لە هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی خوێندندا. لە ماوەی ئەنجامدانی رووپێوەکە لە کوردستان یان لە دەرەوە، لە ناوەڕۆکدا پەیوەندیکردن بە خوێندن ئەوەیە کە تاک بەشێوەیەکی رێک بچێت بۆ دەزگاکانی فێرکاری بە مەبەستی فێربوون و بەدەستهێنانی بڕوانامەی زانستی.

**باری فێرکردن:** بریتییە لە باری ئەو تاکەی کە لە تەمەنی (6) ساڵ یان زیاترە لە رووی هەبوونی زانیاری یان نەبوونی دەربارەی خوێندنەوە و نووسین، هەروەها لە رووی چوونی بۆ خوێندن و بەردەوام بوونی یان بەردەوام نەبوونی.

**ئاستی خوێندن:** بریتییە لە بەرزترین بڕوانامەی زانستی کە تاک بەدەستی هێناوە، هەروەها سەبارەت بەو تاکەی کە بڕوانامەی زانستی بەدەست نەهێناوە مەبەست لە ئاستی فێرکردنیان ئەوەیە حاڵەتی ئەو تاکانە لە رووی بوونی زانیاری یان نەبوونی سەبارەت بە خوێندن و نوسین بزانرێت.

**کەرتی فێرکردن:** بریتییە لەو دەزگایانەی فێرکردن کە تاک لەخۆ دەگرێت لە رووی فێرکردنەوە وەک کەرتی حکومی بێ پارە، کەرتی حکومی بە پارە، کەرتی تایبەت:

1. **کەرتی حکومی:** گرینگترین ئەو کەرتە حکومییانەیە کە خزمەتگوزاری فێرکردن بەبێ پارە بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندنی پرۆسەی فێرکردن پێشکەش دەکات (باخچەی ساوایان، سەرەتایی، ناوەندی و ئامادەیی، پیشەیی، پەیمانگا و زانکۆکان)، فێرکردن مافێکە بۆ هەمووان بەبێ جیاوازی وە بێ پارەیە بۆ هەموو قۆناغەکان وە ئیلزامیە بۆ قۆناغی سەرتایی (بنەڕەتی) بەپێی ماددەی (14) لە دەستوور. هەروەها ئەو سیستەمە دانراوە بۆ دەستەبەرکردنی هەلی فێرکردن بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و گرینگیدان بە بەهرەمەندان و چاودێریکردنیان و فێرکردنی ئەوانەی نەخوێندەوارن بە خوێندنەوە و نووسین و تێکەڵکردنیان بە سیستەمی پەروەردەیی.

2. **حکومی بە پارە:** کەرتی حکومییە و خزمەتگوزاری فێرکردن پێشکەش بە قۆناغی خوێندنی زانکۆ دەکات بە پارە.
3. **کەرتی تایبەت:** ئامانجی ئەو سیستەمە پێشکەوتنی کەرتی پەروەردە و فێرکردن و باشترکردن و فراوان کردنیتی لەسەر ئەو ئامانجانەی کە وەزارەتی پەروەردە دەیەوێت جێبەجێ ببێت، ئەویش لە رێگای:

**- دروستکردنی هەلی رکابەری لە نێوان کەرتی حکومی و کەرتی تایبەت لە بواری پەروەردە و فێرکردن.**

**-وەبەرهێنانی تواناکانی کەرتی تایبەت بۆ باشترکردنی جۆری فێرکردن ئەویش لە رێی شارەزابوون و دەستپێشخەری نوێکردنەوە و پێشکەوتن و گواستنەوەی کارامەیی و تەکنیکی نوێ.**

**- هاندان بۆ بەشداریکردنی ژێرخانی نیشتمانی و بیانی لە بواری پەروەردەی تایبەت.**

**- دابینکردن و فراوانکردنی هەلی فێرکردن لە بواری پەروەردەی تایبەت (خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان).**

**- پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەوانەی لە دەرەوەن و باشترکردنی پەیوەندییان بە نیشتمان لە رێگای کردنەوەی دەزگاکانی ناحکومی لە دەرەوە.**

**- دابینکردنی هەلی کار بۆ دەرچووانی کۆلێژی پەروەردە لە مامۆستایان و ئیداری و کاری تر.**

**4- فێرکردن و راهێنانی پیشەیی یان تەکنیکی: ئەمەش جۆرێکە لە جۆرەکانی سیستەمی فێرکردن، یان لە رێگاکانی فێرکردنی دواناوەندی به شێوەی تیۆری و پراکتیکی و کەسەکە دەبێ چەند مەرجێک جێبەجێ بکات بۆ وەرگیرانی لە خوێندنی زانکۆ، خوێندنی پیشەیی واتا ئامادەکردنی ژمارەیەک تاکی فێرکراو و هێزی کاری کارامە و ئامادەکردنیان بۆ ئەو کارانەی کە پشت دەبەستن بە چالاکی پراکتیکی و پیشەیی لەو بەرنامانەی کە کارامایی تەکنیکی و زانیاری پراکتیکی و تیۆری لەگەڵ کارامەیی کەسی و پەروەردەیی کە پێویستییەکانی بازاری کار دابین دەکات لە پسپۆرییە جیاوازەکانی هونەری و تەکنیکی و ئیداری.**

## 4. بەشی کارکردن و کارپێکردن لە تەمەنی (10-30) ساڵان

**کارکردن: بریتییە لە ئەنجامدانی هەر چالاکییەک بەرامبەر بە کرێ یان مووچە، ئەوانەی کە بۆ کەسانی تر کار دەکەن، یان بەرامبەر داهات، ئەوانەی کە بۆ خۆیان کار دەکەن یان خاوەن کارن، لەوانەیە کارەکە بەبێ کرێ بێت یان بۆ خێزان کار بکات بەپێی جۆری کار.**

**پیشە: سروشت یان جۆری ئەو کارە سەرەکییەیە کە تاک دەیکات و ئێستا زۆربەی کاتەکانی خۆی بەم کارەوە بەسەر دەبات.**

**کەرتی کارکردن: ئەو کەرتەیە کە دەزگا یان شوێنی کارکردنی لاو بەشێکە لێی، جا ئەگەر کەرتی گشتی، (حکومی)، تێکەڵاو، تایبەت، رێکخراوی نێودەوڵەتی یان هەر کەرتێکی تر بێت.**

1. کەرتی حکومی: واتا ئەو دەزگایەی لێی کار دەکات موڵکی حکومەتە ئینجا ئەگەر کەسەکە کاری ئیداری یان ڕێکخستن ئەنجام بدات و لە ناوەند پارە وەردەگرێت ( هەر فەرمانگەیەک کە مووچە و خەرجییەکان لە خەزێنە وەردەگرێت).
2. کەرتی گشتی: واتا ئەو دەزگایەی لێی کار دەکات موڵکی حکومەتە و کاری چالاکی بەرهەم هێنانە لە شێوەی کەلوپەل یان خزمەتگوزاری خۆی پارە بۆ خۆی پەیدادەکات ( دەزگا یان هەر فەرمانگەیەکی حکومی بەرهەم هێنان مووچەی لە ڕێی فەرمانگەی خۆبژێنی (التمويل الذاتی) وەردەگریێ)
3. کەرتی تێکەڵاو: ئەو دەزگایەیە کە ژێرخانێکی هاوبەشی هەیە لە هەردوو کەرتی تایبەت و کەرتی حکومی بە بەرچاوگرتن بە ڕێژەی هاوبەشی پێکردن (دەزگاکە دەوڵەتیش هاوبەشە لە ژێرخانی لەگەڵ کەرتی تایبەت)
4. کەرتی تایبەت: ئەو دەزگایەیە کە خاوەنەکەی کەسانی عیراقین هەموو موڵکەکە هی تاکەکەسن یان هی کۆمەڵە کەسێکە لە دەستەی کۆمپانیاکە ( حکومەت نە خاوەن و نە هاوبەشێتی)
5. کەرتی بیانی: ئەو دەزگایەیە کە بە تەواوی خاوەنی کەسێک یان کۆمەڵە کەسێکی دەرەوەی عیراقن.
6. ڕێکخراوە ناحکومییەکان: ئەو دەزگایانەیە کە کەلوپەل یان خزمەتگوزارییەکی دیاریکراو بەرهەم دەهێنن لە بازاڕ دەیانفرۆشن بە نرخی کەم یان بەخۆڕایی.

ژمارەی کاتژمێرەکانی کارکردن: ژمارەی ئەوکاتژمێرانەیە کە لاو لە کاتی ئاساییدا لە کاری ئێستایدا لەو ماوەی کاری تێدا دەکات.

کارکردنی زوو: بریتییە لە کارکردن بەشێوەیەکی ڕێک یان ناڕێک پێش گەیشتنی لاو بە تەمەنی 15 ساڵییەوە.

کرێکار: ئەو تاکەیە کە لە تەمەنی کارکردنە و دەستی بە کارێکی دیاریکراو کردووە تەنانەت ئەگەر بۆ یەک کاتژمێریش بێت لە ماوەی هەفتەی پێش چاوپێکەوتنەکەدا چ بۆ خۆی کاری کردبێت یان بۆ کەسانی تر، بە کرێ یان بێ کرێ یان لە بەرژەوەندی خێزان یان لە کارەکەیدا نەبێت بەشێوەیەکی کاتی بەهۆی نەخۆشی، پشوو، پشووی کاتی، یان هەر هۆکارێکی تر.

بێکار: بریتین لە هەموو ئەو لاوانەی کە گەیشتونەتە تەمەنی کارکردن و بە هیچ شێوەیەک کاریان نەکردووە لە ماوەی چاوپێکەوتنەکە لە هیچ جۆرە کارێکدا، لەم ماوەیەدا ئامادەبوونە بۆ کارکردن و بەدوای کاردا گەڕاون بە یەکێک لەو ڕێگایانە:خوێندنەوەی ڕۆژنامە، تۆمارکردنی ناویان لە نوسینگەکانی کارکردن، پرسیارکردن لە هاوڕێ و خزم و نزیکەکان و ڕێگای تر.

**بێکاری بەپێی چەمکی پێوانەیی:** لەسەر سێ بنەما پێوانە دەکرێ ئەگەر تاک بێکار بوو و ئامادە بوو کار بکات و بەدوای کاردا بگەڕێت.

**بێکاری بەپێی چەمکی بێ بەها (المتراخی) :** ئەگەر تاک بێکار بوو و ئامادەبوو کار بکات ( لەو حاڵەتانەی کە ڕێگاکانی گەڕان بەدوای کاردا گرنگییەکی سنووردار هەبێت و لەکاتێکدا زۆربەی بازاری کار ناڕێک بێ).

**قەرز:** ڕێوشـوێنێکی داراییە کە دروست دەبێت لەکاتێکدا خاوەن قەرز پارە یان هەر شـتێکی تر دەدات بەو کەسـەی قەرز دەکات و جێگیرکرایە بە چەند بەڵگەنامەیەک و لە داهاتوودا دەدرێتەوە لەو ڕێککەوتەی کە دیارییان کردووە ئینجا بە جارێک بێت یان بە چەند جارێک.

## 5.بەشی تەندروستی بۆ تەمەنی (10-30) ساڵان

**تەندروستی:** بریتییە لە باری تەواوی جەسـتەیی، هزری، کۆمەڵایەتی و دەروونی نەوەک تەنها نەبوونی نەخۆشی و کەمئەندامی.

**هەڵسەنگاندنی باری تەندروستی گشتی:** رای ئەو کەسەیە کە لێکۆڵینەوەمان لەسەر ئەنجامداوە سەبارەت بە تەندروستی گشتی تەواو، لە رووی جەستەیی، هزری، کۆمەڵایەتی، دەروونی نەک تەنها نەبوونی نەخۆشی یان کەمئەندامی، لەگەڵ رادەی مامەڵە کردنی لەگەڵ چالاکییەکانی رۆژانەی بەشـێوەیەکی دروسـت کە ڕێگەی پێدەدات مامەڵەی دروست لەگەڵ گشت لایەنەکانی تری ژیاندا بکات.

**ئەو هۆکارانەی کە کاریگەری خراپیان هەیە لەسەر تەندروستی:** بریتیین لە هۆکارەکانی ژینگە یان هەڵسوکەوت، نموونەی هۆکارەکانی ژینگە پیسبوونی ئاو و هەوایە، بەڵام هۆکارەکانی هەڵسوکەوت بابەتی سەرەکین و لەوانەیە ببنە چوارچێوەی کاریگەر بۆ هۆکارەکانی تر وەک ڕووداوەکانی هاتوچۆ کە هۆکارەکانیان بریتیین لە ئۆتۆمبێل و ڕێگاوبان و شوفێر. بەڵام هەڵسوکەوتی وەک پەڕینەوە لە ڕێگەیەک بەبێ سەرنجدان یان رەچاوکردنی هێماکانی هاتوچۆ یان پابەند نەبوون بە ڕێنماییەکانی پۆلیسی هاتوچۆ کە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ڕوودانی حاڵەتی لێدانی ئۆتۆمبێل بۆ پیادە یان ڕوودانی ڕووداوی هاتوچۆ لەلایەن ئەو کەسەی ئۆتۆمبێل لێدەخورێت. نموونەیەکی تر پابەندنەبوون بە خۆراکی تەندروست نەریتێکی هەڵسوکەوتە هەروەها سەبارەت بە جگەرەکێشان. هەڵبژاردنی تایبەتیش هەیە بۆ بەرقەرار نەبوونی هەڵسوکەوت، لێرەش مەبەست ئەو هەڵسوکەوتانەیە کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی کە دەبنە هۆی جێهێشتنی خوێندن و ئەنجامدانی چەند کردەوەیەکی ناسروشتی.

## 6.بەشی نەخۆشییە گوازراوەکان لەرێی سێکسەوە لە تەمەنی (18-30) سالأن

ئایدز: نەخۆشـیـیەکی ترسـناکە. ووشـەی ئایدز ووشـەیەکی ئینگلیزیە مانای لەدەسـتدانی بەرگری بەدەسـت هێنراوی لەشـی مرۆڤە HIV کە دەبێتە هۆی مردن. ئەم نەخۆشـییە لەرێی گواسـتنەوەی خوێن و ئەنجامدانی سێکس و بەکارهێنانی کەلوپەلی پزیشکی پیس بەتایبەتی لەرێی دەرزیەوە دەگوازرێتەوە.

## 7.بەشی منداڵبوون بۆ نێرینە لە تەمەنی (15-30) سالأن و ئەوکەسانەی کە هاوسەرگیریان کردووە لە تەمەنی کەمتر لە (15) سالأن

تەندروسـتی منداڵبوون: بریتییە لە حاڵەتی سـەلامەتی تەواوی جەسـتەیی و هزری و کۆمەڵایەتی نەک تەنها سـەلامەتی لە نەخۆشـی و کەمئەندامی، بەڵکو بۆ هەموو ئەو لایەنانەی کە پەیوەسـتن بە کۆئەندامی زاوزێ بۆ هەر یەک لە کوڕان وکچان. بەپێی پێناسـەی رێکخراوی تەندروسـتی جیهانی تەندروسـتی منداڵبوون بریتییە لە توانای تاک لە بڕیاردانی گونجاو لە رووی هەڵبژاردنی کات و رێگەی گونجاوی منداڵبوون، مافی هەموو تاکێکە چ کوڕ یـان کچ بێـت بۆ بەدەسـتهێنـانی ئەم رێگە گونجـاوە و پەیـوەنـدەکـانی رێکخسـتنی خێزان بەپێی هەڵبژاردنەکانی خۆی بگرێتە بەر، هەروەها مافی هەموو ئافرەتێکە خزمەتگوزاری تەندروسـتی گونجاوی بۆ دابین بکرێت بەمەبەستی بەدەستهێنانی چاودێری تەندروستی تەواو لەماوەی دووگیانی ومنداڵبووندا.

## 8.بەشی منداڵبوون بۆ نێرینە و مێینە لە تەمەنی (15-30) سالأن و ئەوکەسانەی کە هاوسەرگیریان کردووە لە تەمەنی کەمتر لە (15) سالأن

رێکخسـتنی خێزان: بریتییە لە درێژکردنەوەی مـاوەی نێوان دوو سـکپڕی یـان رێگەگرتن لە دووگیـانی بە بەکارهێنانی رێگەیەک یان زیاتر لەیەك لەرێگاکانی رێکخستنی خێزان.

ئامرازەکانی رێکخسـتنی خێزان: بریتییە لەو رێگایانەی کە ژن و مێرد هەردووکیان یان یەکێکیان دەتوانێت بە ویستی خۆی بەکاریبهێنێت بۆ روونەدان یان دواخستنی دووگیانی.

**هۆکارە مەترسیدارەکانی ماوەی سکپڕی:** بریتییە لە تووشبوونی کەسی سکپڕ بە حاڵەتێکی دیاریکراو کە پەیوەندی هەیە بەسکپڕی یان ڕوودانی نەخۆشی کە کاریگەری هەیە لەسەر سکپڕییەکە کەوا دەکات سکپڕییەکە تووشی مەترسیداری ببێت کە کاریگەری دەبێت لەسەر کۆرپەلەکە یان لەسەر دایک یان لەسەر هەردووکیان. هۆکارە مەترسیدارەکان وەکو سکپڕبوونە بە دووانە، سکپڕی بۆ زیاتر لە پێنج جار، سکپڕی لە تەمەنی کەمتر لە هەژدەساڵی یان زیاتر لە تەمەنی 35 ساڵی، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن یان نەخۆشی شەکرە یان نەخۆشی گورچیلە یان نەخۆشی تر، سکپڕی یەکەم جار...هتد.

## 9.بەشی باری خۆراک لە تەمەنی (10-30) ساڵان

**خۆراکی هاوسەنگ:** مەبەست لە خۆراکی هاوسەنگ، ئەو خۆراکەیە کە گشت پێکهاتە سەرەکییەکانی خۆراک لەخۆ دەگرێت کە گرینگن بۆ تەندروستی جەستە وەک کاربۆهێدرات ، پرۆتین ، ڤیتامین ،چەوری ، خوێ و ئاو.

**ژەمە خێراکان:** بریتییە لەو ژەمانەی کە خواردنی خێرای ئامادەکراو لەخۆ دەگرێت وەک لەفەی گەس و بورگەر و پارچە مریشکی سوورکراوە و فەلافل و باینجان و بەتاتەی سوورکراوە لەگەڵ خواردنەوە گازییەکان یان پەرداخێک شەربەت، گرینگترین جیاکەرەوەی ژەمە خێراکان نەبوونی میوە و سەوزەواتە لە ژەمەکەدا، دەتوانرێ ئەو ژەمە خێرایانە لەماڵەوە یان لە خواردنگە یان لە فرۆشیارە گەڕۆکەکان ئامادە بکرێن.

## 10.بەشی تەندروستی دەروونی و کۆمەڵایەتی و کاتی بەتاڵ لە تەمەنی (15-30) ساڵان

**گرینگی پێدان:** بریتییە لە ئاراستەی ئەرێنی بۆ شتێک یان ئیشێک یان هەر بابەتێک.

**ئامانجەکان:** بریتییە لەو ئامانجە بنەرەتییانەی کە مرۆڤەکان هەوڵ دەدەن پێی بگەن.

**ئەو حاڵەتانەی دەبنە هۆی دڵەڕاوکێ:** بریتییە لەو حاڵەتانەی کە کاتێک دێتە بیری لاو تووشی دڵەڕاوکێیان دەکات.

**دڵەڕاوکێ:** بریتییە لە حاڵەتێکی بیرکردنەوەی تێکەڵ بە ترس و دڵنیا نەبوون و چاوەڕوان کردن.

**ماددە بێهۆشکەرەکان:** بریتیین لە کۆمەڵێک ماددە کە دەبنە هۆی خووپێگرتن (پەیوەستبوونی جەستەیی و دەروونی) و ژەهراوی بوونی کۆئەندامی ناوەندی دەمار، بازرگانی پێکردن و دروستکردن و چاندنیان ڕێگە پێنەدراوە تەنها بۆ ئەو مەبەستانە نەبێت کە یاسا دیاری دەکات و ڕێگەی پێدەدات بۆ بەکارهێنانی. ئەمەش هەموو ئەو جۆرە حەب و دەرزیانە لەخۆ دەگرێ کە کاریگەرییان لەسەر کۆئەندامی ناوەندی دەمار بۆ کەسی بەکارهێنەر دەبێت، کە کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر چالاکی هزر و باری دەروونی، وەک هێورکەرەوە و وزەبەخش و ورياکەرەوە.

**هۆیەکان:** بریتییە لەو پاڵنەرانەی بۆ ئەنجامدانی کارێک.
**جگەرکێش:** ئەو کەسەیە کە لە رۆژێکدا جگەرەیەک یان زیاتر دەکێشێت، هەروەها ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە نێرگەلە و نێرگەلەی ئەلیکترۆنی دەکێشن.

## 11.بەشی جۆری کۆمەڵایەتی و توندوتیژی و رۆڵی لاوان لە تەمەنی (15-30) ساڵان

**جۆری کۆمەڵایەتی:** بریتییە لە چەند جۆرە سیفەتێکی جیاکراوە لە نێوان کوڕان و کچان و بوونی جیاوازی و دابەشبوون رەتدەکاتەوە.
**توندوتیژی:** بریتییە لە هەموو ئەو هەڵسوکەوتانەی کە دەبنە هۆی ئازاردانی کەسانی دەوروبەر، جا ئەو ئازاردانە لە لایەنی دەروونی یان جەستەیی بێت، واتا ئەو زەرەر و زیانەی کە لە ئەنجامی سووکایەتی پێکردن یان بەکارهێنانی نەشیاوی هێزەوە روودەدا، تەنها ئاماژە بە زەرەرەکە ناکات بەڵکو ئاماژە بە قەبارە و ئاماژەکانی ئەم زەرەرە دەکات.

**توندوتیژی کۆمەڵگایی:** بریتییە لە هەڵسوکەوتی ئازاردان کە ئەنجام دەدرێ لەسەر نکۆڵی کردنی خەڵکانی تر لەرێی بەکارهێنانی توندوتیژی زارەکی و جەستەیی یان دەست درێژیکردنە سەر خەڵکی بۆ مەبەستی بەجێهێنانی بەرژەوەندییەکانی کەسی.
**توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەت:** بریتییە لە هەڵسوکەوتی توندی مەبەستدار بە رووی ئافرەتدا کە زۆر شێوە لەخۆ دەگرێ لە رووی مەعنەوی و جەستەی و سێکسی یان ئابووری.

## 12.بەشی راگەیاندن و رۆشنبیری و هونەر لە تەمەنی (15-30) ساڵان

**بەکارهێنانی ناوەندەکانی راگەیاندن:** خوێندنەوە لەخۆ دەگرێ، وەک خوێندنەوەی رۆژنامە یان پەرتووک یان گۆڤار، سەیرکردنی تەلەفزیۆن، بەدواداچوونی پێگەکانی گەیاندنی کۆمەڵایەتی و ئەنتەرنێت، گوێگرتن لە رادیۆ، بەکارهێنانی کۆمپیوتەر، گواستنەوە لە رێی بەکارهێنانی رێگەکانی راگەیاندن و چەندین جۆری تری چالاکی هاوشێوە.
**ئەنتەرنێت:** ئەو تۆڕە جیهانییەیە کە هەزاران تۆڕ و کۆمپیوتەری جیاواز لە جۆر و قەبارە لە جیهان بەیەک دەبەستێتەوە، بریتییە لە رێگەی بەیەکگەیشتن و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری لە نێوان تاکەکان و دەزگاکان. دەتوانرێت بە چەندین رێگا خزمەتگوزارییەکانی ئەنتەرنێت بەکاربهێنرێت وەک پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان و برۆدباند و هێڵی دیجیتاڵ و ئیمێل.

## 13.بەشی لاوان و وەرزش لە تەمەنی (30-10) ساڵان

**کۆڕبەند و سـەنتەرەکانی لاوان و وەرزش:** بریتییە لەو دەزگایانە کە خزمەتگوزاری وەرزش و لاوان پێشـکەش بە گروپی لاوانی تەمەن (29-14) ساڵی دەکەن دابەشکراون لەسەر یەکەکانی ئیداری لە پارێزگاکان.

## 14.بەشی لاوان و تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندنی کۆمەڵایەتی لە تەمەنی (30-10) ساڵان

**تەکنەلۆژیای زانیاری:** بریتییە لە وەسـفکردنی ئامێر و رێگەکانی گەیشـتن بە هۆکارەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری، هەروەها ئەنجامدانی پرۆسـەی گەڕاندنەوەی داتا و هەڵگرتن و رێکخسـتنیان و رێگاکانی چارەسـەرکردن و بەرهەمهێنانیان و وەسـفکردنی رێگاکانی پیشـاندانی زانیارییەکان و گۆرینەوەیان بە رێگای ئەلیکترۆنی و دەستی.

**یارییە ئەلیکترۆنییەکان:** بریتییە لەو یارییانەی کە لە رێی بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییە جیاوازەکان ئەنجام دەدرێت جا چ بە ئامێری تایبەت بەو یارییانە بێت یان بە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر یان هەر ئامێرێکی تر بێت.

## 15.بەشی کەمئەندامی لە تەمەنی (30-10) ساڵان

**کەمئەندامی (ئاستەنگی):** بریتییە لە کەموکورتی تەواوەتی یان بەشی لە یەکێک یان ژمارەیەک لەو چالاکیانەی کە تاک ئەنجامی دەدات لە هەریەک لە هەسـتەکان و تواناکانی لەش یان دەروونی و هزری یان کێشـەی تەندروسـتی کە بەردەوام بێت یان پێشـبینی دەکرێت بەردەوام بێت بۆ ماوەی شـەش مانگ و زیاتر،تواناکانی کەسـەکە دیاریدەکرێت لە فێربوون و کارکردن بەجۆرێک کە ناتوانێت بەشـێوەیەکی ئاسـایی ژیانی رۆژانەی بەسـەربەرێت وەکو کەسـێکی ئاسـایی، بێجگە لە حاڵەتەکانی ئاسـتەنگی ماوە کورت ( کەمتر لە شـەش مانگ) وەکو شکانی قاچەکان یان نەخۆشی.

**ئاستی کەمئەندامی (ئاستەنگی):** مەبەست لێی ئاستی ئاستەنگییە لە کاتی بەجێهێنانی کارێکی دیاریکراو کە توێژەر دەپرسێت لە ئاستی ئەو ئاستەنگییەی کە هەیتی ئاستەنگی کەم ، ئاستەنگی زۆر یان بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت.

## 16.بەشی بەشداریکردن لە تەمەنی (15-30) ساڵان

چالاکی: بریتییە لە ئەنجامدانی ئەو ئەرک و کردارانەی کە ئارەزووی ئەنجامدانی دەکەن.

چالاکی کۆمەڵگایی: بریتییە لە کۆمەڵێک چالاکی کە پەیوەندییان بە لاوان هەیە لەرێی بوونیان لە کۆمەڵگا (رۆشنبیری، زانستی یان کاری خۆبەخشی بۆ خزمەتی کۆمەڵگا).

کاری خۆبەخشی: بریتییە لە کاتی پێشکەشراو بەخۆبەخشی لە بەرژەوەندی گشتی بەبێ وەرگرتنی هیچ بڕە پارەیەک.

بەشداریکردنی کۆمەڵگایی: بریتییە لە بەشداریکردن لەو چالاکییانەی ئامانجیان زاڵبوون و سەرکەوتنە بەسەر هەندێک لە کێشەکانی رۆژانە کە رووبەرووی لاوان دەبنەوە و هاوکار دەبێت لە بەدیهێنانی رادەیەک لە هاوکاری و یەکگرتوویی لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگا، ئەمەش لە دوو بواری سەرەکیدا کە بریتیین لە ئەرکی خۆبەخشانە وەک بنیادنانی مزگەوت، قوتابخانە یان نەخۆشخانە چ بە بەشداریکردن لە رێی پارە یان پێشکەشکردنی پارچە زەوییەک بۆ بنیادنانی. ئەویتریشیان بریتییە لە چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکانی رۆژانە سەرهەڵدەدەن لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگادا.

بەشداری سیاسی: بریتییە لە بەشداریکردن لەو چالاکییە ئیدارییانەی کە لاوان ئەنجامیان دەدەن بە مەبەستی هەبوونی کاریگەری راستەوخۆ یان ناراستەخۆ لە پرۆسەی هەڵبژاردنی دەسەڵات یان هەبوونی کاریگەری لەسەر ئەو بڕیار و سیاسەتانەی دەیگرنە بەر. هەروەها بەشداریکردنی سیاسی واتا ئەو پرۆسەیەی کە لاوان لەمیانەیدا رۆڵی خۆیان دەبینن لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵگەدا و هەلێکیان بۆ دەرەخسێت بۆ بەشداریکردن لە تاوتوێکردنی ئامانجە گشتییەکانی کۆمەڵگە و دیاریکردنی باشترین رێگەکان بۆ جێبەجێکردنی، ئەم بەشداریکردنەش لە رێگەی ئەنجامدانی چالاکی سیاسی راستەخۆ یان ناراستەخۆ دەبیت.

## 17.بەشی لاوان و ئاسایش لە تەمەنی (18-30) ساڵان

جێگیربوونی ئاسایش: بریتییە لەو حاڵەتانەی کە تاکەکانی کۆمەڵگا هەست بە جێگیربوون و ئەمان دەکەن کە دەبێتە پارێزگاریان لە ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە رێکخراوەکانی نیشتمانی و نێودەوڵەتی بە تاوانی دادەنێن.

رۆڵ: بریتییە لە ئەرکی لاوان بەرامبەر کاری باشترکردنی ئەمن و ئاسایش.

ئەنجامدانی کاری رۆژانە: بریتییە لە ئەنجامدانی چالاکی ئاساییە لەلایەن لاوانەوە کە هەموو لاوێک ئەنجامی دەدات لە هەر کۆمەڵگایەکی جێگیر، وەکو چوونە سەر کار، قوتابخانە، سەردانیکردنی هاوڕێیان.

## 18.بەشی مافی شارستانی و هاونیشتمانی بوون لە تەمەنی (18-30) ساڵان

مافی شارستانی: بریتییە لەو ماف و ئاکارە سەربەستییە کەسیانەی کە یاسای عیراقی دەستەبەریدەکات بۆ هاونیشتمانیان. وە مافی شارستانی جیاکراوەتەوە لە مافی مرۆڤ یان مافی سروشتی بەوەی کە مافی شارستانی عیراق و هەرێمی کوردستان دەستەبەری دەکات بۆ هەموو تاکێکی عیراق و هەرێمی کوردستان.

هاونیشتمانیبوون: مەبەست لە چەمکی هاونیشتمانیبوون تا کاتی ئەم ڕووپێوە ئەوەیە کە هەموو لاوەکان یەکسانن و هەمان مافیان هەیە و گەل خاوەن سەروەرییە، بەمشێوەیە واتای بەهاونیشتمانی بوون لەسەر بنەمای بیرۆکەی بوونی مافە سەرەکییەکانی تاک یەکەمیان وەک مرۆڤ و دووەمیان وەک هاوڵاتی و نەوەی ئەو گەلە بنیادنراوە.

### جۆرەکانی تووشبوون بە:

ئاماژەی هەراسانکردن بە: هەراسانکردنی زارەکی

هەڕەشەکردن بە: هەڕەشەکردن بە ژیان

کۆچکردن بە: کۆچکردن بۆ شوێنێکی تری نیشتەجێبوون بەهۆی باری ئەمنی

دەست درێژیکردن بە: دەست درێژیکردنی جەستەیی

وە جیاکاری واتا: نەبوونی دادپەروەری لە مامەڵەکردن

## تێبینییەکان

نموونەی چینی: ئەو نموونەیە کە بە هەڵبژاردنی یەکەکانی کۆمەڵگە دادەرێژرێ، دوای دابەشکردنیان بۆ چەند گروپێک بەمەرجێک هەموو گروپەکان گونجاو بن و پێیان دەگوترێ چین.

کێشی نموونە: بریتییە لە پێچەوانەی ئەگەری هەڵبژاردنی نموونەیەک لەنموونەکان.

## گرینگترین نیشاندەرەکانی رووپێوی نیشتمانی هەرزەکاران و لاوان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2019

| نیشاندەر | گروپی تەمەن | |
|---|---|---|
| بەشی فێرکردن/ تایبەت بەو کەسانەی کە بەردەوامن لە خوێندن لە تەمەنی (10-30) ساڵان | (10-30) ساڵان | (15-24) ساڵان |
| ڕێژەی وەڵامدەران کە بەردەوامن لە خوێندن | 60.2 | 58.1 |
| ڕێژەی ئەوانەی کە بە ڕێکی دەخوێندن لە ماوەی ساڵی خوێندنی ئێستادا % | 95.4 | 93.0 |
| ڕێژەی ئەوانەی کە دابڕاینە لە خوێندن بەهۆی باری ئابووری % | 17.4 | 23.0 |
| ڕێژەی ئەوانەی کە دابڕاینە لە خوێندن بەهۆی گرنگی نەدان بەخوێندن % | 24.0 | 31.8 |
| باشکردنی لێهاتوویی و پیشەیی گرینگترین هۆکارن بۆ رووکردنە فێربوون و ڕاهێنانی پیشەیی یان تەکنیکی % | 46.8 | 51.1 |
| بەشی کارکردن و کاردن بۆ تەمەنی (10-30) ساڵان | (10-30) ساڵان | (15-24) ساڵان |
| ڕێژەی ئەوانەی کە کاریان کردووە لە ماوەی هەفتەی پێش ئەنجامدانی رووپێوەکە % | 20.5 | 21.1 |
| ڕێژەی ئەوانەی کە پیشەکانیان کاری دەستی و پیشەیی یە و ئەوانەی پێوەی پەیوەندارن کە بەکرێ کار دەکەن لە ماوەی هەفتەی پێش ئەنجامدانی رووپێوەکە % | 15.9 | 22.2 |
| ڕێژەی ئەوانەی کە بە کرێ کار دەکەن لە کەرتی تایبەت لە ماوەی هەفتەی پێش ئەنجامدانی رووپێوەکە % | 63.0 | 82.4 |
| ڕێژەی ئەوانەی کە بە کرێ کار دەکەن لە کەرتی حکومی لە ماوەی هەفتەی پێش ئەنجامدانی رووپێوەکە % | 32.9 | 14.6 |
| تێکڕایی ژمارەی کاتژمێرەکانی کارکردنی وەڵامدەران بە کرێ لە ماوەی هەفتەی پێش ئەنجامدانی رووپێوەکە | 40.3 | 41.2 |
| تێکڕایی تەمەنی وەڵامدەران کە بە کرێ کار دەکەن لە ماوەی هەفتەی پێش ئەنجامدانی رووپێوەکە | 17.0 | 15.9 |
| بیروباوەڕی ئەو وەڵامدەرانەی کە پێیان وایە سەندیکاکان رۆڵێکی کاریگەریان نییە یان لاوازە لە پاراستنی کرێکاران % | 51.6 | 61.7 |

دەستەی ئاماری هەرێم/ بەشی ئامارەکانی پەروەردە و کۆمەڵایەتی

| نیشاندەر | گروپی تەمەن | |
|---|---|---|
| **بەشی تەندروستی لە تەمەنی (10-30) ساڵان** | **(10-30) ساڵان** | **(15-24) ساڵان** |
| **ڕێژەی ئەوانەی کە تەندروستیان باشە %** | **91.9** | **92.4** |
| **جگەرەکێشان گرینگترین هۆکارە کە کاریگەری لەسەر تەندروستی لاوان هەیە %** | **57.4** | **55.9** |
| **ڕێژەی ئەوانەی کە پێیان وایە خواردنی خۆراکی باش گرینگترین شتە بۆ چاودێریکردنی تەندروستیان %** | **52.3** | **50.3** |
| **ڕێژەی کەم ڕازیبوونی وەڵامدەران لە ئاستی خزمەتگوزاری پێشکەشکراو لە دامەزراوە تەندروستییەکان %** | **20.4** | **24.0** |
| **بەشی نەخۆشییە گوازراوەکان لە ڕێگای سێکسەوە لە تەمەنی (18-30) ساڵان** | **(18-30) ساڵان** | **(18-24) ساڵان** |
| **ڕێژەی ئەوانەی کە گوێبیستی نەخۆشی ئایدز بوونە %** | **92.9** | **92.7** |
| **ڕێژەی ئەوانەی کە گوێبیستی نەخۆشی ئایدز نەبوونە %** | **7.1** | **7.3** |
| **ڕێژەی ئەوانەی کە پێیان وایە نەخۆشی ئایدز لەرێی سێکسەوە دەگوازرێتەوە %** | **84.9** | **84.0** |
| **ڕێژەی ئەوانەی کە پێیان وایە دوورکەوتنەوە لە سێکس لە دەرەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری گرینگترین ڕێگایە بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشییە گوازراوەکان/ ئایدز %** | **84.5** | **83.4** |
| **بەشی تەندروستی منداڵبوون بۆ نێرینە لە تەمەنی (15-30)ساڵی و ئەوانە کە هاوسەرگرییانکردووە لە تەمەنی کەمتر لە (15) ساڵی** | **(15-30) ساڵی** | **(15-24) ساڵان** |
| **ڕێژەی ئەوانەی زانیاریان وەرگرتیە دەربارەی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر لەشیاندا دێت لە قۆناغی بالغ بوون %** | **73.0** | **73.2** |
| **تێکرایی تەمەنی گونجاو بۆ هاوسەرگیری کوڕان بە بڕوای کوڕان (ساڵ)** | **24** | **24** |
| **تێکرایی تەمەنی گونجاو بۆ هاوسەرگیری کچان بە بڕوای کوڕان (ساڵ)** | **21** | **21** |
| **ڕێژەی ئەوانەی کە هیچ ڕیگایەك لە ڕێگاکانی ڕیگریکردن لە سکپڕی نازانن %** | **28.5** | **36.9** |
| **ڕێژەی ئەوانەی کە هاوسەرگیریان کردووە %** | **12.2** | **5.1** |
| **تێکرایی تەمەن لە کاتی هاوسەرگیری کردنی یەکەم (ساڵ)** | **23** | **20** |

دەستەی ئاماری هەرێم/ بەشی ئامارەکانی پەروەردە و کۆمەڵایەتی

| نیشاندەر | گروپی تەمەن | |
|---|---|---|
| تێکرایی ئەو وەڵامدەرانەی کە پشکنینی پزیشکییان ئەنجامداوە پێش هاوسەرگیری % | 96.5 | 90.9 |
| ڕێژەی نێرینەی هاوسەردار تەمەن (10-30)ساڵان ئەوانەی خۆیان یان هاوسەرەکانیان هیچ ڕێگایەك لە ڕێگاکانی ڕێگری کردن لە سکپڕی بەکارناهێنن | 45.5 | 53.8 |
| بەشی تەندروستی منداڵبوون بۆ مێینە لە تەمەنی (15-30) ساڵی و ئەوانە کە هاوسەرگرییانکردووە لە تەمەنی کەمتر لە (15) ساڵی | (15-30) ساڵی | (15-24) ساڵان |
| ڕێژەی ئەوانەی زانیارییان وەرگرتیە دەربارەی ئەو گۆرانکارییانەی بەسەر لەشیاندا دێت لە قۆناغی بالغ بوون % | 75.2 | 79.9 |
| تێکرایی تەمەنی گونجاو بۆ هاوسەرگیری کوڕان بە بڕوای کچان (ساڵ) | 26 | 25 |
| تێکرایی تەمەنی گونجاو بۆ هاوسەرگیری کچان بە بڕوای کچان (ساڵ) | 23 | 22 |
| % ڕێژەی ئەوانەی کە هیچ ڕیگایەك لە ڕێگاکانی ڕیگریکردن لە سکپڕی نازانن % | 17.5 | 23.3 |
| ڕێژەی ئەوانەی کە هاوسەرگیریان کردووە % | 21.1 | 17.2 |
| تێکرایی تەمەن لە کاتی هاوسەرگیری کردنی یەکەم (ساڵ) | 19 | 18 |
| تێکرایی ئەو وەڵامدەرانەی کە پشکنینی پزیشکییان ئەنجامدا پێش هاوسەرگیری % | 94.9 | 95.3 |
| ڕێژەی مێینە هاوسەردار تەمەن (10-30)ساڵان ئەوانەی خۆیان یان هاوسەرەکانیان هیچ ڕێگایەك لە ڕێگاکانی ڕێگری کردن لە سکپڕی بەکارناهێنن % | 37.9 | 42.4 |
| ڕێژەی مێینە هاوسەردار تەمەن (10-30)ساڵان ئەوانەی خۆیان یان هاوسەرەکانیان هیچ ڕێگایەك لە ڕێگاکانی ڕێگری کردن لە سکپڕی بەکارناهێنن لەبەر ئەوەی لەکاتی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن سکپڕبوون % | 48.0 | 47.5 |
| ڕێژەی مێینە هاوسەردار تەمەن (10-30)ساڵان ئەوانەی خۆیان یان هاوسەرەکانیان هیچ ڕێگایەك لە ڕێگاکانی ڕێگری کردن لە سکپڕی بەکارناهێنن لەبەر ئەوەی ئارەزووی هەبوونی منداڵی زیاتر دەکەن % | 40.0 | 42.0 |
| بەشی باری خۆراک لە تەمەنی (10-30) ساڵان | (10-30) ساڵان | (15-24) ساڵان |
| ڕێژەی ئەوانەی کە پێیان وایە کێشیان گونجاوە % | 63.0 | 61.9 |
| تێکڕایی ژمارەی جارەکانی خواردنی ژەمی خێرا لە ماوەی هەفتەیەکدا | 3.1 | 3.4 |

| نیشاندەر | گروپی تەمەن | |
|---|---|---|
| ڕێژەی ئەوانەی کە بەدەگمەن یان هەرگیز نانی بەیانی ناخۆن % | 21.3 | 24.6 |
| **بەشی تەندروستی دەروونی وکۆمەڵایەتی و کاتی بەتاڵ لە تەمەنی (15-30) ساڵی** | **(30-15) ساڵی** | **(24-15) ساڵان** |
| ڕێژەی ئەوانەی کە پێیان وایە خوێندن لە ئەولەویەتە گرینگترینەکانیانە % | 40.2 | 53.5 |
| ڕێژەی ئەوانەی کە پێیان وایە تەندروستیان لە ئەولەویەتە گرینگترینەکانیانە % | 29.3 | 28.0 |
| ڕێژەی ئەوانەی کە پێیان وایە سەرکەوتن لە خوێندن لە ئەولەویاتی ئامانجەکانیانە کە دەیانەوێ بەجێیبهێنن لە داهاتوویەکی نزیک % | 39.2 | 52.0 |
| ڕێژەی ئەوانەی کە پێیان وایە کە خوێندن گرینگترین شتە کە دوودڵیان دەکات % | 27.1 | 36.6 |
| ڕێژەی ئەوانەی کە پێیان وایە نزیکبوونەوە لە هاوتەمەنەکانیان هۆکارە بۆ خواردنەوەی کحول لە نێوان هەرزەکاران و لاوانەوە % | 38.5 | 39.6 |
| ڕێژەی ئەوانەی پێیان وایە کە بێکاری هۆکارە بۆ خواردنەوەی کحول لە نێوان هەرزەکاران و لاوانەوە % | 46.0 | 43.5 |
| تێکڕایی ژمارەی کاتژمێرە بەتاڵەکان لە ڕۆژێکدا (کاتژمێر) | 5 | 6 |
| ڕێژەی ئەوانەی کە کاتە بەتاڵەکانیان بە سەیرکردنی لاپەڕەکانی ئەنتەرنێت بەسەر دەبەن % | 57.0 | 56.6 |
| **بەشی جۆری کۆمەڵایەتی و توندوتیژی و ڕۆڵی لاوان لە تەمەنی (15-30) ساڵی** | **(30-15) ساڵی** | **(24-15) ساڵان** |
| ڕێژەی ئەوانەی کە هاوڕان خوێندنی کوڕان گرنگترە لە خوێندنی کچان % | 15.1 | 14.2 |
| ڕێژەی ئەوانەی کە هاوڕان ئافرەت هاوبەشی سەرەکی پیاوە لە بڕیاردانی هەموو بڕیارەکانی خێزان % | 89.7 | 89.0 |
| ڕێژەی ئەوانەی کە پشتگیری توندوتیژی ناکەن لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان % | 89.0 | 89.1 |
| ڕێژەی ئەوانەی کە پێیان وایە کە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی توندوتیژی لە کۆمەڵگا کەمدەکاتەوە % | 30.4 | 29.7 |
| **بەشی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و هونەر لە تەمەنی (15-30) ساڵی** | **(30-15) ساڵی** | **(24-15) ساڵان** |

| نیشاندەر | گروپی تەمەن | |
|---|---|---|
| ڕێژەی ئەوانەی  کە پێیانوایە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان گرنگی بە ئارەزووەکانی لاوان دەدات % | 46.6 | 47.3 |
| ڕێژەی ئەوانەی کە تەماشای کەناڵە ناوەخۆییە ئاسمانییەکان دەکەن % | 69.9 | 69.5 |
| ڕێژەی ئەوانەی کە تەماشای کەناڵە ناوخۆییەکان دەکەن % | 36.9 | 36.4 |
| ڕێژەی ئەوانەی کە تەماشای دراما و فیلم دەکەن % | 67.7 | 70.2 |
| ڕێژەی ئەوانەی کە تەماشای بەرنامەی وەرزشی دەکەن % | 21.5 | 33.2 |
| ڕێژەی ئەوانەی کە دەخوێننەوە % | 54.8 | 55.0 |
| ڕێژەی ئەوانەی کە ناخوێننەوە % | 45.2 | 45.0 |
| ڕێژەی ئەوانەی کە لە ڕێی ئەنتەرنێتەوە دەخوێننەوە % | 50.3 | 47.6 |
| ڕێژەی ئەوانەی کە ناچنە کتێبخانەی گشتی % | 78.2 | 78.2 |
| بەشی وەرزش و لاوان  لە تەمەنی (30-10) ساڵان | (30-10) ساڵان | (24-15) ساڵان |
| ڕێژەی ئەوانەی کە دەچنە کۆڕبەند و بنکەکانی وەرزش و لاوان % | 9.8 | 11.9 |
| ڕێژەی ئەوانەی کە پێیان وایە خزمەتگوزاریەکانی کۆربەند و بنکەکانی لاوان و وەرزش باشە % | 61.9 | 59.4 |
| ڕێژەی ئەوانەی کە ناچنە کۆڕبەند و بنکەکانی وەرزش و لاوان % | 90.2 | 88.1 |
| ڕێژەی ئەوانەی کە ناچنە کۆڕبەند و بنکەکانی وەرزش و لاوان بەهۆی نەبوونی کۆڕبەند و بنکە لە نزیکیان % | 36.8 | 35.9 |
| ڕێژەی ئەوانەی کە وەرزش ئەنجام دەدەن بە هەموو جۆرەکانیەوە % | 61.6 | 59.0 |
| ڕێژەی ئەوانەی کە تۆپی پێ ئەنجام دەدەن % | 63.1 | 56.1 |
| ڕێژەی ئەوانەی کە وەرزش ئەنجام دەدەن لە گۆڕەپانی میللی % | 25.1 | 26.0 |

| نیشاندەر | گروپی تەمەن | |
|---|---|---|
| تێکرایی ژمارەی کاتژمێرەکانی ئەنجامدانی وەرزش لە هەفتەیەک | 4.2 | 4.3 |
| **بەشی لاوان و تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندنی کۆمەڵایەتی لە تەمەنی (10-30) ساڵان** | **(10-30) ساڵان** | **(15-24) ساڵان** |
| ڕێژەی ئەوانەی کە خاوەنی ئامێری ئەلیکترۆنین % | 84.9 | 89.8 |
| ڕێژەی ئەوانەی کە مۆبایلی زیرەکییان هەیە % | 78.8 | 88.8 |
| ڕێژەی ئەوانەی کە کۆمپیوتەریان هەیە % | 25.4 | 29.3 |
| ڕێژەی ئەوانەی کە هیچ زانیاریان نیە لە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر % | 37.0 | 25.9 |
| ڕێژەی ئەوانەی کە ئەنتەرنێت بەکاردەهێنن % | 72.0 | 80.7 |
| تێکرایی ژمارەی کاتژمێرەکانی بەکارهێنانی ئەنتەرنێت | 3.0 | 3.4 |
| ڕێژەی ئەوانەی کە بەشداری دەکەن لە کۆڕبەند و گفتوگۆ لەرێگای تۆڕی ئەنتەرنێت بەمەبەستی کات بەسەر بردن % | 49.3 | 50.4 |
| **بەشی کەمئەندامی لە تەمەنی (10-30) ساڵان** | **(10-30) ساڵان** | **(15-24) ساڵان** |
| ڕیژەی ئەوانەی کە کەمئەندامییەك یان ئاستەنگییەکی جەستەییان هەیە % | 2.5 | 2.7 |
| ڕیژەی ئەوانەی کە کەمئەندامییەك یان ئاستەنگییەکی جەستەییان هەیە کە پێیان وایە گەیشتن بە خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان گەورەترین بەربەستە کە رووبەڕووی کەمئەندامان دەبێتەوە % | 31.1 | 34.9 |
| ڕیژەی ئەوانەی کە کەمئەندامییەك یان ئاستەنگییەکی جەستەییان هەیە پێیان وایە کە مافەکانیان بەتەواوی دەستەبەرکراوە لەناو خێزاندا % | 74.8 | 71.4 |
| ڕیژەی ئەوانەی کە کەمئەندامییەك یان ئاستەنگییەکی جەستەییان هەیە کە دەچنە یانە و بنکەکانی لاوانی تایبەت بەخۆیان % | 2.9 | 2.7 |
| **بەشی بەشداریکردن لە تەمەنی (15-30) ساڵی** | **(15-30) ساڵی** | **(15-24) ساڵان** |

دەستەی ئاماری هەرێم/ بەشی ئامارەکانی پەروەردە و کۆمەڵایەتی

| نیشاندەر | گروپی تەمەن | |
|---|---|---|
| ڕێژەی ئەوانەی کە بەشداری لە چالاکی کۆمەڵگایی دەکەن % | 22.3 | 22.0 |
| ڕێژەی ئەوانەی کە بەشداری لە کاری خۆبەخشی دەکەن % | 19.4 | 18.2 |
| ڕێژەی ئەوانەی کە پێیان وایە کۆربەندەکان و بنکەکانی لاوان لە بەرژەوەندی لاوان کار دەکەن % | 34.6 | 35.8 |
| ڕێژەی ئەوانەی بەشداری لە چالاکی کۆمەڵگەیی و کاری خۆبەخشی دەکەن % | 30.7 | 29.7 |
| ڕێژەی ئەوانەی کە پێیان وایە نەبوونی هەڵ بۆ بەشداریکردن ئاستەنگە لەبەردەم لاوان کەبەشداری چالاکییە سیاسی و کۆمەڵآیەتییەکان نەکەن | 42.4 | 42.0 |
| **بەشی لاوان و ئاسایش لە تەمەنی (18-30) ساڵان** | **(18-30) ساڵان** | **(18-24) ساڵان** |
| ڕێژەی ئەوانە کە پێیان وایە بوونی گروپە تیرۆرستییەکان هۆکارە بۆ ناسەقامگیری و ئارامی و ئاسایشی وولآت % | 59.9 | 60.3 |
| ڕێژەی ئەوانە کە پێیان وایە لێکترازانی خێزانی هەڕەشەیە لەسەر ئارامی و ئاسایشی کەسە بەتایبەتی % | 20.1 | 19.3 |
| ڕێژەی ئەوانەی کە بەشدارییان کردووە لە هێزی چەکداری دوای ڕووداوەکانی ساڵی 2014 % | 5.5 | 1.8 |
| ڕێژەی ئەوانە کە پەنا بۆ دەزگای ئەمنی و پۆلیس دەبەن بۆ چارەسەری کێشە و ناکۆکییەکان % | 48 | 46.6 |
| ڕێژەی ئەوانە کە پەنا بۆ دەسەڵاتە عەشایرییەکان دەبەن بۆ چارەسەری کێشە و ناکۆکییەکان % | 24.5 | 23.7 |
| ڕێژەی ئەوانەی هەست بە رامییەکی زۆر دەکەن لە کاتی چونیان بۆ سەر کاری ڕۆژانەیان | 81.2 | 81.3 |
| **بەشی شارستانیەت و هاونیشتمانی بوون لە تەمەنی (18-30) ساڵان** | **(18-30) ساڵان** | **(18-24) ساڵان** |
| ڕێژەی ئەوانەی کە بەشداریان لە هەڵبژاردنی گشتی نیشتمانی کردووە % | 66.6 | 63.3 |
| ڕێژەی ئەوانەی کە بەشداریان لە هەڵبژاردنی گشتی نیشتمانی کردییە بۆ مەبەستی گەیاندنی دەنگی % | 63.6 | 62.5 |
| ڕێژەی ئەوانەی کە بەشداری لە هەڵبژاردنی گشتی نیشتمانی داهاتوو دەکەن % | 69.7 | 69.3 |
| ڕێژەی ئەوانەی کە پێیان وایە ئەندامیەتی و دڵسۆزی بۆ نیشتمان لە چەمکی هاوڵاتیبوونە % | 35.5 | 32.9 |

دەستەی ئاماری هەرێم/ بەشی ئامارەکانی پەروەردە و کۆمەڵایەتی

| نیشاندەر | گروپی تەمەن | |
|---|---|---|
| ڕێژەی ئەوانەی کە لە باروددۆخێکی سەخت نیشتەجێن و هیچ بەرنامە و چالاکییەکی یارمەتیدان بۆیان بەردەست نیە % | 3.8 | 3.7 |
| ڕێژەی ئەوانەی کە ئارەزووی کۆچکردن دەکەن % | 30.4 | 30.2 |
| ڕێژەی ئەوانەی کە ئارەزووی کۆچکردن دەکەن و لە ئەنجامی خراپی بارودۆخی گوزەران لە وولات % | 54.4 | 52.7 |
| ڕێژەی ئەوانەی کە ئارەزووی کۆچکردن دەکەن و لە ئەنجامی بارودۆخی ئابووری % | 38.9 | 37.1 |

# 1. زانیاری خێزان

**دابەشبوونی نموونەی خێزانەکان بەگوێرەی ئەنجامی چاوپێکەوتن بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکیەکان**

**(داتاکان وەزن نەکراوە)**

**خشتەی (1 – 1)**

| تایبەتمەندییەکان | | ئەنجامی چاوپێکەوتن لەگەڵ خێزان | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | چاوپێکەوتنەکە ئەنجامدرا | خێزانەکە چاوپێکەوتنەکەی ڕەت کردەوە | خێزانەکە لەماڵەوە نەبوو | نەتوانرا بگەین بە خێزانەکە | هی تر | کۆ |
| ژینگە | شار | 1,384 | 7 | 4 | 0 | 0 | 1,395 |
| | گوند | 480 | 0 | 0 | 0 | 0 | 480 |
| پارێزگاکان | دهۆک | 620 | 5 | 0 | 0 | 0 | 625 |
| | سلێمانی | 619 | 2 | 4 | 0 | 0 | 625 |
| | هەولێر | 625 | 0 | 0 | 0 | 0 | 625 |
| هەرێمی کوردستان | | 1,864 | 7 | 4 | 0 | 0 | 1,875 |

دابەشبوونی ڕێژەی نموونەی خێزانەکان بە گوێرەی ئەنجامی چاوپێکەوتن لەگەڵ خێزان بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان (داتاکان وەزن نەکراوە )

خشتەی (1 – 2)

| تایبەتمەندییەکان | | ئەنجامی چاوپێکەوتن لەگەڵ خێزان | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | چاوپێکەوتنەکە ئەنجامدرا | چاوپێکەوتنەکەی ڕەت کردەوە | لەماڵەوە نەبوو | نەتوانرا بگەین بە خێزانەکە | هی تر | کۆ |
| ژینگە | شار | 99.2 | 0.5 | 0.3 | 0.0 | 0.0 | 100 |
| | گوند | 100.0 | 0.0 | 0.0 | 0.0 | 0.0 | 100 |
| پارێزگاکان | دهۆک | 99.2 | 0.8 | 0.0 | 0.0 | 0.0 | 100 |
| | سلێمانی | 99.0 | 0.3 | 0.6 | 0.0 | 0.0 | 100 |
| | هەولێر | 100.0 | 0.0 | 0.0 | 0.0 | 0.0 | 100 |
| هەرێمی کوردستان | | 99.4 | 0.4 | 0.2 | 0.0 | 0.0 | 100 |

### دابەشبوونی ڕێژەی خێزانەکان بەگوێرەی جۆری یەکەی نیشتەجێبوون بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان

**خشتەی (1 – 3)**

| تایبەتمەندییەکان | | جۆری یەکەی نیشتەجێبوون | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | خانوو | شوقە | کوخ | خێمە یان ڕەشماڵ | کەرەڤان | خانووی قوڕ | هی تر | کۆ |
| ژینگە | شار | 94.9 | 4.5 | 0.0 | 0.0 | 0.0 | 0.5 | 0.1 | 100 |
| | گوند | 94.1 | 0.0 | 0.4 | 0.0 | 0.0 | 5.3 | 0.2 | 100 |
| پارێزگاکان | دهۆک | 93.6 | 4.5 | 0.3 | 0.0 | 0.0 | 1.0 | 0.6 | 100 |
| | سلێمانی | 92.2 | 5.7 | 0.1 | 0.0 | 0.0 | 2.0 | 0.0 | 100 |
| | هەولێر | 98.8 | 0.5 | 0.0 | 0.0 | 0.0 | 0.6 | 0.0 | 100 |
| هەرێمی کوردستان | | 94.7 | 3.7 | 0.1 | 0.0 | 0.0 | 1.3 | 0.1 | 100 |

دابەشبوونی ڕێژەی خێزانەکان بەگوێرەی جۆری نیشتەجێ و خاوەنداریەتی یەکەی نیشتەجێبوون بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان

خشتەی (1 – 4)

| تایبەتمەندییەکان | | جۆری نیشتەجێ | | | خاوەنداریەتی یەکەی نیشتەجێبوون | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | سەربەخۆ | هاوبەش | کۆ | موڵک | کرێ | خانووی خۆڕایی | هی تر | کۆ |
| ژینگە | شار | 91.4 | 8.6 | 100 | 74.1 | 18.7 | 7.1 | 0.1 | 100 |
| | گوند | 95.9 | 4.1 | 100 | 89.9 | 2.0 | 7.9 | 0.2 | 100 |
| پارێزگاکان | دهۆک | 91.5 | 8.5 | 100 | 79.9 | 14.8 | 5.3 | 0.0 | 100 |
| | سلێمانی | 90.2 | 9.8 | 100 | 78.8 | 12.8 | 8.2 | 0.2 | 100 |
| | هەولێر | 95.4 | 4.6 | 100 | 72.6 | 20.2 | 7.0 | 0.1 | 100 |
| هەرێمی کوردستان | | 92.2 | 7.8 | 100 | 76.9 | 15.7 | 7.2 | 0.1 | 100 |

**دابەشبوونی ڕێژەی خێزانەکان بەگوێرەی جۆری نشینگە و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان**

**خشتەی(1 – 5)**

| تایبەتمەندییەکان | | جۆری نشینگە | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ئاسایی | ئاوارەی دەرەوەی پارێزگا پێش ساڵی 2014 | ئاوارەی دەرەوەی پارێزگا دوای ساڵی 2014 | ئاوارەی ناوەوەی پارێزگا پێش ساڵی 2014 | ئاوارەی ناوەوەی پارێزگا دوای ساڵی 2014 | پەنابەر | کۆ |
| ژینگە | شار | 92.5 | 2.7 | 3.8 | 0.1 | 0.3 | 0.7 | 100 |
| | گوند | 96.3 | 0.9 | 1.4 | 0.0 | 0.0 | 1.5 | 100 |
| پارێزگاکان | دهۆک | 88.4 | 6.0 | 3.7 | 0.0 | 0.0 | 1.9 | 100 |
| | سلێمانی | 95.7 | 1.8 | 2.3 | 0.0 | 0.2 | 0.0 | 100 |
| | هەولێر | 92.6 | 0.9 | 4.6 | 0.2 | 0.4 | 1.4 | 100 |
| هەرێمی کوردستان | | 93.2 | 2.3 | 3.4 | 0.1 | 0.2 | 0.8 | 100 |

**دابەشبوونی نموونەی ئەندامانی خێزان بەگوێرەی ئەنجامی چاوپێکەوتن بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان (داتاکان وەزن نەکراوە)**

**خشتەی(1 - 6)**

| تایبەتمەندییەکان | | ئەنجامی چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەندامانی خێزان | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | چاوپێکەوتنەکە ئەنجامدرا | بەشێکی چاوپێکەوتنەکە ئەنجامدرا | ئەندامی خێزانەکە چاوپێکەوتنەکەی ڕەتکردەوە | ئەندامی خێزانەکە لەماڵەوە نەبوو | هی تر | کۆ |
| ژینگە | شار | 3,151 | 7 | 41 | 236 | 0 | 3,435 |
| | گوند | 1,241 | 1 | 9 | 125 | 0 | 1,376 |
| ڕەگەز | نێر | 2,133 | 5 | 34 | 289 | 0 | 2,461 |
| | مێ | 2,259 | 3 | 16 | 72 | 0 | 2,350 |
| پارێزگاکان | دهۆک | 1,665 | 4 | 23 | 176 | 0 | 1,868 |
| | سلێمانی | 1,220 | 3 | 21 | 89 | 0 | 1,333 |
| | هەولێر | 1,507 | 1 | 6 | 96 | 0 | 1,610 |
| هەرێمی کوردستان | | 4,392 | 8 | 50 | 361 | 0 | 4,811 |

**دابەشبوونی ڕێژەی نموونەی ئەندامانی خێزان بەگوێرەی ئەنجامی چاوپێکەوتن  بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان (داتاکان وەزن نەکراوە)**

**خشتەی (1 – 7)**

| تایبەتمەندییەکان | | ئەنجامی چاوپێکەوتن | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | چاوپێکەوتنەکە ئەنجامدرا | بەشێکی چاوپێکەوتنەکە ئەنجامدرا | ئەندامی خێزانەکە چاوپێکەوتنەکەی ڕەتکردەوە | ئەندامی خێزانەکە لەماڵەوە نەبوو | هی تر | کۆ |
| ژینگە | شار | 91.7 | 0.2 | 1.2 | 6.9 | 0.0 | 100 |
| | گوند | 90.2 | 0.1 | 0.7 | 9.1 | 0.0 | 100 |
| ڕەگەز | نێر | 86.7 | 0.2 | 1.4 | 11.7 | 0.0 | 100 |
| | مێ | 96.1 | 0.1 | 0.7 | 3.1 | 0.0 | 100 |
| پارێزگاکان | دهۆک | 89.1 | 0.2 | 1.2 | 9.4 | 0.0 | 100 |
| | سلێمانی | 91.5 | 0.2 | 1.6 | 6.7 | 0.0 | 100 |
| | هەولێر | 93.6 | 0.1 | 0.4 | 6.0 | 0.0 | 100 |
| هەرێمی کوردستان | | 91.3 | 0.2 | 1.0 | 7.5 | 0.0 | 100 |

دابەشبوونی رێژەی نموونەی ئەندامانی خێزان لە تەمەنی (10 ـ 30) ساڵی کە چاوپێکەوتنیان بەتەواوی ئەنجامداوە بەگوێرەی گروپەکانی تەمەن بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان

خشتەی (1 – 8)

| تایبەتمەندییەکان | | گروپەکانی تەمەن | | | | | گروپی لاوان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | 10 - 14ساڵ | 15 - 18 ساڵ | 19 - 24 ساڵ | 25 - 30 ساڵ | کۆ | 15 - 24 ساڵ |
| ژینگە | شار | 33.8 | 22.8 | 24.0 | 19.4 | 100 | 46.7 |
| | گوند | 33.5 | 24.9 | 23.9 | 17.6 | 100 | 48.8 |
| ڕەگەز | نێر | 35.1 | 23.4 | 23.2 | 18.3 | 100 | 46.6 |
| | مێ | 32.5 | 23.0 | 24.7 | 19.8 | 100 | 47.7 |
| پارێزگاکان | دهۆک | 34.8 | 22.8 | 24.9 | 17.4 | 100 | 47.7 |
| | سلێمانی | 35.9 | 22.5 | 23.7 | 18.0 | 100 | 46.2 |
| | هەولێر | 30.7 | 24.2 | 23.6 | 21.5 | 100 | 47.8 |
| هەرێمی کوردستان | | 33.8 | 23.2 | 24.0 | 19.1 | 100 | 47.1 |

دابەشبوونی ڕێژەی خێزانەکان بەگوێرەی ژمارەی ژوورەکان و ئەندامانی خێزان لە یەکەی نیشتەجێبوون و تێکڕای ژمارەی ئەندامان بۆ هەر ژورێک (قەرەباڵغی) بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان

خشتەی (1 – 9)

| تایبەتمەندییەکان | | ژمارەی ژوورەکان | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | 6 | 7 | 8 | 9 | 10 و زیاتر | کۆ |
| ژینگە | شار | 1.8 | 17.5 | 32.7 | 29.9 | 9.3 | 4.1 | 1.9 | 2.5 | 0.0 | 0.2 | 100 |
| | گوند | 3.6 | 20.6 | 36.4 | 25.0 | 12.1 | 1.2 | 0.7 | 0.3 | 0.0 | 0.0 | 100 |
| ژمارەی ئەندامانی خێزان | 1-2 | 5.2 | 29.1 | 42.3 | 16.8 | 6.5 | 0.0 | 0.0 | 0.0 | 0.0 | 0.0 | 100 |
| | 3-4 | 5.1 | 23.1 | 32.2 | 27.7 | 5.7 | 2.8 | 1.4 | 1.4 | 0.0 | 0.6 | 100 |
| | 5-6 | 1.2 | 16.7 | 34.0 | 27.9 | 12.5 | 4.4 | 1.1 | 2.1 | 0.0 | 0.2 | 100 |
| | 7-8 | 0.9 | 17.8 | 32.3 | 32.0 | 9.1 | 3.0 | 2.4 | 2.5 | 0.0 | 0.0 | 100 |
| | 9-10 | 1.8 | 17.7 | 38.1 | 26.8 | 9.3 | 3.7 | 1.9 | 0.7 | 0.0 | 0.0 | 100 |
| | 11وزیاتر | 4.0 | 10.3 | 27.9 | 33.0 | 12.0 | 4.5 | 2.4 | 5.4 | 0.5 | 0.0 | 100 |
| تێکڕای ژمارەی ئەندامان بۆ هەر ژورێک | | 2.2 | 18.1 | 33.4 | 29.0 | 9.8 | 3.6 | 1.7 | 2.1 | 0.0 | 0.2 | 100 |
| پارێزگاکان | دهۆک | 4.8 | 23.2 | 35.7 | 22.9 | 5.9 | 3.4 | 1.3 | 2.6 | 0.1 | 0.0 | 100 |
| | سلێمانی | 0.4 | 12.1 | 26.9 | 39.3 | 12.7 | 4.8 | 1.2 | 2.1 | 0.0 | 0.5 | 100 |
| | هەولێر | 2.2 | 20.8 | 38.8 | 22.0 | 9.6 | 2.3 | 2.4 | 1.8 | 0.0 | 0.0 | 100 |
| هەرێمی کوردستان | | 2.2 | 18.1 | 33.4 | 29.0 | 9.8 | 3.6 | 1.7 | 2.1 | 0.0 | 0.2 | 100 |

**دابەشبوونی ڕێژەی خێزانەکان بە گوێرەی گروپەکانی ژمارەی ئەندامانی خێزان و تێکڕای ژمارەی ژوورەکان و ژمارەی ئەندامانی خێزان بۆ هەر ژوورێک بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان**

**خشتەی (1 – 10)**

| تایبەتمەندییەکان | | ڕێژەی گروپەکانی ژمارەی ئەندامانی خێزان | | | | | تێکڕای ژمارەی ژوورەکان | تێکڕای ژمارەی ئەندامانی خێزان بۆ هەر ژوورێک |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | 2 -1 | 4 - 3 | 6 - 5 | 7و زیاتر | کۆ | | |
| ژینگە | شار | 2.2 | 18.9 | 37.4 | 41.6 | 100 | 3.6 | 2.0 |
| | گوند | 1.0 | 15.2 | 26.8 | 56.9 | 100 | 3.3 | 2.5 |
| پارێزگاکان | دهۆک | 0.8 | 9.4 | 24.0 | 65.8 | 100 | 3.3 | 2.8 |
| | سلێمانی | 2.2 | 24.3 | 43.2 | 30.3 | 100 | 3.9 | 1.6 |
| | هەولێر | 2.4 | 18.0 | 35.2 | 44.4 | 100 | 3.4 | 2.1 |
| هەرێمی کوردستان | | 1.9 | 18.2 | 35.4 | 44.5 | 100 | 3.6 | 2.1 |

## دابەشبوونی گشتی ئەندامانی خێزان و ئەندامانی تەمەن (10 ـ 30)ساڵی بەگوێرەی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان

(داتاکان وەزن نەکراوە)

خشتەی (1 – 11)

| تایبەتمەندییەکان | | ژمارەی گشتی ئەندامانی خێزان | | | ژمارەی ئەندامانی خێزانی تەمەن (10– 30) ساڵی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | نێر | مێ | کۆ | نێر | مێ | کۆ |
| ژینگە | شار | 3,997 | 3,981 | 7,978 | 1,753 | 1,708 | 3,461 |
| | گوند | 1,542 | 1,449 | 2,991 | 723 | 663 | 1,386 |
| گرووپەکانی تەمەن | 10 - 14 ساڵ | 1,447 | 1,517 | 2,964 | 780 | 754 | 1,534 |
| | 15 - 18 ساڵ | 975 | 1,001 | 1,976 | 573 | 555 | 1,128 |
| | 19 - 24ساڵ | 1,385 | 1,309 | 2,694 | 631 | 601 | 1,232 |
| | 25 - 30 ساڵ | 1,732 | 1,603 | 3,335 | 491 | 458 | 949 |
| گرووپی لاوان | 15 - 24 ساڵ | 2,360 | 2,310 | 4,670 | 1,204 | 1,156 | 2,360 |
| پارێزگاکان | دهۆک | 2,129 | 2,118 | 4,247 | 951 | 923 | 1,874 |
| | سلێمانی | 1,609 | 1,566 | 3,175 | 698 | 650 | 1,348 |
| | هەولێر | 1,801 | 1,746 | 3,547 | 827 | 798 | 1,625 |
| هەرێمی کوردستان | | 5,539 | 5,430 | 10,969 | 2,476 | 2,371 | 4,847 |

دابەشبوونی ڕێژەی گشتی ئەندامانی خێزان و ئەندامانی خێزانی تەمەن (10 – 30)ساڵی بەگوێرەی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان

خشتەی(1 – 12)

| تایبەتمەندییەکان | | ڕێژەی گشتی ئەندامانی خێزان | | | ڕێژەی ئەندامانی خێزانی تەمەن (10– 30) ساڵی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | نێر | مێ | کۆ | نێر | مێ | کۆ |
| ژینگە | شار | 50.1 | 49.9 | 100 | 50.7 | 49.3 | 100 |
| | گوند | 51.6 | 48.4 | 100 | 52.2 | 47.8 | 100 |
| گروپەکانی تەمەن | 10 - 14 ساڵ | 48.8 | 51.2 | 100 | 50.8 | 49.2 | 100 |
| | 15 - 18 ساڵ | 49.3 | 50.7 | 100 | 50.8 | 49.2 | 100 |
| | 19 - 24ساڵ | 51.4 | 48.6 | 100 | 51.2 | 48.8 | 100 |
| | 25 - 30 ساڵ | 51.9 | 48.1 | 100 | 51.7 | 48.3 | 100 |
| گروپی لاوان | 15 - 24 ساڵ | 50.5 | 49.5 | 100 | 51.0 | 49.0 | 100 |
| پارێزگاکان | دهۆک | 50.1 | 49.9 | 100 | 50.7 | 49.3 | 100 |
| | سلێمانی | 50.7 | 49.3 | 100 | 51.8 | 48.2 | 100 |
| | هەولێر | 50.8 | 49.2 | 100 | 50.9 | 49.1 | 100 |
| هەرێمی کوردستان | | 50.5 | 49.5 | 100 | 51.1 | 48.9 | 100 |

## دابەشبوونی رێژەی خێزانەکان بەگوێرەی بەرکەوتنیان بە توندوتیژی و تیرۆر و جۆری کاریگەرییەکان بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان

**خشتەی (1 – 13)**

| تایبەتمەندییەکان | | رێژەی ئەو خێزانانەی بەرکەوتەی توندوتیژی تیرۆر بوونە | | | جۆری کاریگەری توندوتیژی و تیرۆر لەسەر خێزان | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | بەرکەوتوو | بەرنەکەوتوو | کۆ | شەهیدبوون | دەرکردنی زۆرە ملێ | بریندار بوون | دەستگیرکردن | بێسەروشوێن بوون | ئاوارەبوون | کەمئەندام بوون | لەدەستدانی موڵک | کاریگەری دەروونی | هی تر |
| ژینگە | شار | 7.7 | 92.3 | 100 | 9.7 | 10.5 | 14.1 | 3.7 | 1.3 | 60.4 | 8.7 | 41.0 | 18.0 | 3.7 |
| | گوند | 4.6 | 95.4 | 100 | 19.9 | 25.1 | 22.9 | 0.0 | 0.0 | 11.8 | 16.0 | 9.3 | 0.0 | 4.3 |
| پارێزگاکان | دهۆک | 9.7 | 90.3 | 100 | 8.3 | 11.7 | 15.0 | 3.3 | 0.0 | 63.3 | 0.0 | 15.0 | 3.3 | 0.0 |
| | سلێمانی | 6.4 | 93.6 | 100 | 18.9 | 7.3 | 17.4 | 5.8 | 2.9 | 37.6 | 18.9 | 33.3 | 11.6 | 5.8 |
| | هەولێر | 6.7 | 93.3 | 100 | 2.7 | 18.8 | 12.3 | 0.0 | 0.0 | 70.0 | 5.4 | 61.9 | 32.3 | 4.3 |
| هەرێمی کوردستان | | 7.1 | 92.9 | 100 | 10.9 | 12.1 | 15.1 | 3.3 | 1.2 | 54.8 | 9.5 | 37.4 | 15.9 | 3.7 |

* کۆی رێژەکانی جۆری کاریگەری توندوتیژی زیاترە لە 100 چونکە رێگە دراوە زیاترە لە وەڵامێك هەڵبژێرێت

دابەشبوونی ڕێژەی ئەندامانی خێزان کە کاریگەری توندوتیژی و تیرۆریان لەسەر بووە لە گروپی تەمەن (10 – 30) ساڵی وبەگوێرەی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان

**خشتەی (1 – 14)**

| تایبەتمەندییەکان | | دابەشبوونی ڕێژەی ئەندامانی خێزان کە کاریگەری توندوتیژی و تیرۆریان لەسەر بووە لە گروپی تەمەن (10 – 30) ساڵی | | | | | | | کۆی وەڵامدەرانی تەمەن (10-30) ساڵی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | شەهیدان | برینداران | دەستبەسەرکراوان | بێ سەروشوێنان | کەمئەندامان | هی تر * | کۆ | |
| ژینگە | شار | 24.5 | 31.3 | 2.7 | 3.6 | 16.9 | 21.0 | 100 | 3,151 |
| | گوند | 57.1 | 42.9 | 0.0 | 0.0 | 0.0 | 0.0 | 100 | 1,241 |
| ڕەگەز | نێر | 27.3 | 38.5 | 4.4 | 2.5 | 6.9 | 20.3 | 100 | 2,133 |
| | مێ | 0.0 | 10.9 | 0.0 | 0.0 | 30.4 | 58.7 | 100 | 2,259 |
| پارێزگاکان | دهۆک | 36.4 | 45.4 | 18.2 | 0.0 | 0.0 | 0.0 | 100 | 1,665 |
| | سلێمانی | 33.4 | 25.7 | 0.0 | 5.1 | 20.4 | 15.3 | 100 | 1,220 |
| | هەولێر | 9.5 | 43.3 | 0.0 | 0.0 | 9.5 | 37.8 | 100 | 1,507 |
| هەرێمی کوردستان | | 28.0 | 32.6 | 2.4 | 3.2 | 15.1 | 18.7 | 100 | 4,392 |

* هی تر: ئەو ئەندامانی خێزانانەش دەگرێتەوە کە لە گروپی تەمەن (10 ـ 30) ساڵین و ئاوارەن و وەلامیان داوەتەوە

# 2. زانیاری ئەندامانی خێزان
# تەمەن (10-30) ساڵان

**دابەشبوونی ڕێژەیی وەڵامدەرانی تەمەن (10 - 30)ساڵی بەگوێرەی باری خێزانداری و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان**

**خشتەی(2 ـ 1)**

| تایبەتمەندییەکان | | باری خێزانداری: سەڵت | هاوسەردار | تەڵاقدراو | بێوەژن/بێوەپیاو | جیابووەوە | کۆ | کۆی وەڵامدەرانی تەمەن (10-30) ساڵی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژینگە | شار | 82.7 | 16.6 | 0.5 | 0.0 | 0.2 | 100 | 3,151 |
| | گوند | 82.3 | 17.4 | 0.1 | 0.1 | 0.0 | 100 | 1,241 |
| ڕەگەز | نێر | 87.7 | 11.9 | 0.2 | 0.0 | 0.2 | 100 | 2,133 |
| | مێ | 77.8 | 21.3 | 0.7 | 0.0 | 0.2 | 100 | 2,259 |
| گرووپەکانی تەمەن | 10 ـ 14 ساڵ | 99.9 | 0.1 | 0.0 | 0.0 | 0.0 | 100 | 1,474 |
| | 15 ـ 18 ساڵ | 97.2 | 2.7 | 0.1 | 0.0 | 0.0 | 100 | 1,030 |
| | 19 ـ 24ساڵ | 79.2 | 20.0 | 0.6 | 0.0 | 0.3 | 100 | 1,060 |
| | 25 ـ 30 ساڵ | 38.8 | 58.9 | 1.5 | 0.2 | 0.6 | 100 | 828 |
| گرووپی لاوان | 15 ـ 24 ساڵ | 88.0 | 11.5 | 0.3 | 0.0 | 0.1 | 100 | 2,090 |
| پارێزگاکان | دهۆک | 84.5 | 15.3 | 0.1 | 0.1 | 0.0 | 100 | 1,665 |
| | سلێمانی | 85.2 | 14.0 | 0.3 | 0.0 | 0.4 | 100 | 1,220 |
| | هەولێر | 78.4 | 20.6 | 0.9 | 0.0 | 0.1 | 100 | 1,507 |
| هەرێمی کوردستان | | 82.6 | 16.7 | 0.4 | 0.0 | 0.2 | 100 | 4,392 |

**دابەشبوونی ڕێژەی وەڵامدەرانی تەمەن (10 - 30)ساڵی بەگوێرەی پەیوەندییان بە سەرۆک خێزانەوە و بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان**

**خشتەی(2 ـ 2)**

| تایبەتمەندییەکان | | پەیوەندی ئەندامانی خێزان بەسەرۆک خێزانەوە | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرۆک خێزان | هاوسەر | کوڕ / کچ | هاوسەری کوڕ /هاوسەری کچ | نەوە | برا/ خوشک | خزمانی تر | هیچ خزمایەتی نییە لەگەڵ خێزان | کۆ |
| ژینگە | شار | 4.1 | 8.3 | 81.4 | 2.7 | 1.5 | 1.3 | 0.7 | 0.0 | 100 |
| | گوند | 5.1 | 7.7 | 81.3 | 2.4 | 1.0 | 1.8 | 0.6 | 0.0 | 100 |
| ڕەگەز | نێر | 8.8 | 0.0 | 87.4 | 0.1 | 1.6 | 1.4 | 0.7 | 0.0 | 100 |
| | مێ | 0.1 | 15.9 | 75.6 | 5.0 | 1.3 | 1.4 | 0.7 | 0.0 | 100 |
| گروپەکانی تەمەن | 10 ـ 14 ساڵ | 0.1 | 0.0 | 95.8 | 0.1 | 3.0 | 0.3 | 0.8 | 0.0 | 100 |
| | 15 ـ 18 ساڵ | 0.3 | 0.8 | 94.8 | 1.3 | 1.4 | 0.6 | 0.8 | 0.0 | 100 |
| | 19 ـ 24ساڵ | 2.5 | 10.3 | 79.0 | 5.2 | 0.2 | 2.4 | 0.5 | 0.0 | 100 |
| | 25 ـ 30 ساڵ | 18.8 | 29.0 | 42.7 | 5.5 | 0.4 | 3.0 | 0.7 | 0.0 | 100 |
| گروپی لاوان | 15 ـ 24 ساڵ | 1.4 | 5.6 | 86.7 | 3.3 | 0.8 | 1.5 | 0.6 | 0.0 | 100 |
| پارێزگاکان | دهۆک | 3.0 | 6.7 | 81.2 | 3.2 | 2.0 | 3.0 | 0.9 | 0.0 | 100 |
| | سلێمانی | 4.2 | 8.3 | 84.3 | 1.1 | 1.3 | 0.7 | 0.2 | 0.0 | 100 |
| | هەولێر | 5.3 | 9.1 | 78.4 | 3.9 | 1.2 | 1.1 | 1.1 | 0.0 | 100 |
| هەرێمی کوردستان | | 4.3 | 8.2 | 81.4 | 2.6 | 1.4 | 1.4 | 0.7 | 0.0 | 100 |

## دابەشبوونی ڕێژەی وەڵامدەرانی تەمەن(10 - 30) ساڵی بەگوێرەی ئەنجامی چاوپێکەوتنیان بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان

**خشتەی (2 ـ 3)**

| تایبەتمەندییەکان | | ئەنجامی چاوپێکەوتن: چاوپێکەوتنەکە ئەنجامدرا | بەشێکی چاوپێکەوتنەکە ئەنجامدرا | چاوپێکەوتنەکە ڕەت کرایەوە | ئەندامی خێزانەکە لەماڵەوە نەبوو | ئەندامی خێزانەکە شیاو نەبوو بۆ چاوپێکەوتن | هی تر | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژینگە | شار | 91.0 | 0.2 | 1.2 | 6.8 | 0.8 | 0.0 | 100 |
| | گوند | 89.5 | 0.1 | 0.6 | 9.0 | 0.7 | 0.0 | 100 |
| ڕەگەز | نێر | 86.1 | 0.2 | 1.4 | 11.7 | 0.6 | 0.0 | 100 |
| | مێ | 95.3 | 0.1 | 0.7 | 3.0 | 0.9 | 0.0 | 100 |
| گروپەکانی تەمەن | 10 ـ 14 ساڵ | 96.1 | 0.1 | 0.3 | 2.5 | 1.1 | 0.0 | 100 |
| | 15 ـ 18 ساڵ | 91.3 | 0.1 | 1.3 | 6.6 | 0.6 | 0.0 | 100 |
| | 19 ـ 24ساڵ | 86.0 | 0.4 | 1.5 | 11.1 | 0.9 | 0.0 | 100 |
| | 25 ـ 30 ساڵ | 87.2 | 0.1 | 0.9 | 11.6 | 0.1 | 0.0 | 100 |
| گروپی لاوان | 15 ـ 24 ساڵ | 88.6 | 0.3 | 1.4 | 9.0 | 0.8 | 0.0 | 100 |
| پارێزگاکان | دهۆک | 88.8 | 0.2 | 1.2 | 9.4 | 0.3 | 0.0 | 100 |
| | سلێمانی | 90.5 | 0.2 | 1.6 | 6.6 | 1.1 | 0.0 | 100 |
| | هەولێر | 92.7 | 0.1 | 0.4 | 5.9 | 0.9 | 0.0 | 100 |
| هەرێمی کوردستان | | 90.6 | 0.2 | 1.0 | 7.4 | 0.7 | 0.0 | 100 |

دابەشبوونی ڕێژەی وەڵامدەرانی تەمەن (10 - 30) ساڵی بەگوێرەی گروپەکانی تەمەن لەکاتی (تەڵاق، بێوەژن/بێوەپیاو ، جیابووەوە)بەپێی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان

خشتەی (2 ـ 4)

| تایبەتمەندییەکان | | ژمارەی ئەو وەڵامدەرانەی کە | | | | ڕێژەی گروپەکانی تەمەن لەکاتی تەڵاق، بێوەژن/بێوەپیاو، جیابووەوە | | | | | | | کۆی وەڵامدەرانی تەمەن(10-30) ساڵی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
